www.kurdistannet.org
26-10-2006 9:36:29بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# چاوپێکەوتن لەگەڵ

# مەریوان هەڵەبجەیی

## ئامادەکردنی

# گۆران هەڵەبجەیی

### پێشەکی دیمانەکە

نووسەرێک لە ئەمریکا لەوتارێکیدا مەریوان هەڵەبجەیی شوبهاندبوو بە (سەلمان روشدی کورد) کەبەهۆی دووا کتێبیەوە [سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا] هەرایەکی مەزنی لە نێوەندە ئیسلامیەکانی کوردستاندا نایەوە، هاوکات مشتومڕێکی گەرمیشی لە نێو ڕووناکبیراندا هێنایە ئاراوە، چ ئەوانەی هاوفکری بوون چ ئەوانەی دژی وەستانەوە، دۆخەکە بەوە گەیشت لەلایەن ڕەوتە ئیسلامیەکانەوە هەڕەشەی مەرگی لێبکرێت و خۆپیشاندانیش دژی ئەنجام بدرێت. لەلایەکی دیکەوە چەندین کەمپینی داکۆکی و قەڵەمی ئازادیخوازیش پشتگیریان لە مەریوان هەڵەبجەیی کرد. ئێستا ئەو بۆ پاراستنی ژیانی خۆی لە هەندەران دەژی، دوورکەوتنەوە لە وڵات نەبووە هۆی کەوتنی قەڵەمەکەی بەڵکو لەسەر ئینتەرنێت چەندین کۆڕی گرتووەو ئێستا سەرقاڵی پرۆژەیەکی نوێیە لەهەمان بواردا. بۆ تیشک خستنەسەر ڕەهەندەکانی ئەو تەنگەژەیەو شرۆڤەکردنی هەندێک لایەنی دیکەو خوێندنەوەی خودی مەریوان بۆ پێگەو ڕەخنەی لە ئیسلام و ڕەوتەکانیان لەکوردستانداو قسەکردن لەمەر پرۆژە نوێکەی ئەم دیمانەیەکمان لەگەڵ سازکردو یەکسەر چووینە ناو پرسیارەکانەوە.. بەڵام لەبەر زۆری بابەتەکە بە چەند بەشێک بڵاوی دەکەینەوە

گۆران هەڵەبجەیی : دیارە فکرو فەلسەفەو زانست و سەرجەم کایە مەعریفییەکان لەدۆخی ئارام و تەندروست و شارستانی و دوور لەفشار و هەڕەشە و کوشتندا گەشە دەکەن و داهێنان بەرهەم دێنن , بەبۆچوونی تۆ ئەو دۆخ و فەزایە لەکوردستاندا لەئارادایە؟؟ بەتایبەتی دەمێکە باس لەرەخنەگرتن لەدەقە ئاسمانییەکان دەکرێت.!؟

مەریوان هەڵەبجەیی : من بەپێچەوانەی ئەمەوە بیر دەکەمەوە , داهێنان بارودۆخی هێمن و ئارامی دەوێت بەلآم مەرجی بنەڕەتی نییە..!! گەر لەبنەمای سەرهەڵدانی هەموو دەرکەوتە فەلسەفییە مێژووییەکان ورد ببینەوە بۆمان دەردەکەوێت هەموو بیرمەندەکان لەئەنجامی هاتنەکایەی چەوساندنەوەیەکی لەرادەبەدەری ناوخۆیی و ئیقلیمی و بێیانی چرۆی بیرۆکەی داهێنانەکانیان رزواوە و پاشان دەرکەوتووە , کاتێک نیتچە باس لەتەمەڕود دەکات لەبارودۆخێکدا نوسیوێتی کەکپبوونی بیرکردنەوە لەکۆمەڵگاکاندا هۆکاری سەرەکی دارمانی داهێنان بووە , بۆ نموونە ئەو سەدەیەی نیتچەی تێدا هەڵکەوت سەرکوتکردن لەئاستی ترۆپکدا بوو کەچی ئەو دێت و دەستخۆشانە لەئبلیس دەکات چونکە لەبەرامبەر ملکەچییانەی هەمیشەیی خۆی و دەوروبەری تەمەڕود لەخوا دەکات.! ئەو کاتەی بووزا قسەی لەسەر فەلسەفەی میتافیزیک کرد کۆمەڵگاکانی دەوروبەری ئەوآ (هیندستانی گەورە) بەهۆی خیتابی ئایینەوە دووچاری گەورەترین چەوساندنەوەی مرۆڤایەتی ئەو سەردەمەی ناوچەکەی خۆیان بووبوون , ئەو لەجێی ئایین فەلسەفەی میتافیزیکی هێنا و بیرکردنەوەی لەیاساکان و بەگەڕخستنی تواناکانی خودی خستە جێی یاسا ئاسمانییەکان..! هەموومان بارودۆخی سەدەکانی دوای ناوەڕاست باش دەزانین لەچ نائارامییەکدا بوو کەچی کەسانێکی مەزن هەڵکەوتوون چ کەسێکی وەک مارتن لۆسەر وەک شارەزایەکی فەلسەفەی ئولوهییەت و چ کەسێکی وەک گالیلۆ , وەک زانایەکی فەلەکناسی و چەندانی دیکە. بابڕوانینە بارودۆخی ئایینی لەولآتی میسر , لەساڵی پەنجاو شەستەکاندا لەو ولآتەدا ئایین هەبوو , شەریعەتی ئیسلام لەدەستوردا هەبوو , سالآنی هەشتاکان و نەوەدەکانیش بەهەمان شێوە , بەلآم ئەو بەرهەمە فکرییانەی لەهەشتاکان و نەوەدەکان و دواییدا دەرکەوتن زۆر لەوانە زیاترن کەلەپەنجاکان و شەستەکاندا هەبوون , لەهەیکەلەوە بیگرە تادەگاتە زەید و فۆدە و عەلەوی و چەندانی دیکە , هۆی سەرهەڵدانی ئەم بەرهەمە فکرییانەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی چەوساندنەوەی ئایینی لەناو میسردا , لەوانە سەرکوتکردنی بیرۆکە سەرەتاییەکانی داهێنان و هێنانەکایەی توندوتیژی بەرامبەر بەتاکەکانی کۆمەڵگا لەلایەن ئیخوانەکانەوە..! لەگەڵا ئەوەی لەسالآنی پێشووتردا ئارامی هەبوو کەچی بەرهەم و کایەکانی دی کەم بوون و بەپەنجەکانی دەست دەژمێردران.. هەشتاکان و نەوەدەکان زیادی کردو توندڕەوانی ئیسلامی نەبەکوشتنی ئەنوەر سادات وەک سەرۆک دەوڵەت لەلوتکەی دەسەلآتدا توانیان بەر بەو حەملە دژە فکرییە بگرن , نەبەتیرۆرکردنی فەرەج فۆدە وەک بیرمەندێک و رەخنەگرێک توانییان نوسەران بتۆقێنن.

جارێکی دی بابڕوانینە بارودۆخی ئەوکاتەی کەنوسەرێکی کوردی وەک (عەبدولخالق مەعروف) دەردەکەوێ و کتێبێک دەنوسێ و ئەو بارودۆخەش کەئێستا چەندین کتێبی لەوەی ئەوی بەرهەمهێناوە , ئەوکاتەی عەبدولخالق دەینوسی هەموو بوارەکانی سیاسی و شارستانی و ئابووری و فەرهەنگی و..تاد جیاواز بوون لەگەڵ ئێستای پڕ لەسەربڕینی ئایینی و پڕ لەگروپی تیرۆرستی کەبەفەرمی لەکوردستاندا ناسراون , لەرووی سیاسییەوە دەسەلآتی ئیرهابی ئیسلامی ئەوسا لەئێستا ئارامتر بوو , ئەگەرچی لەناوەڕۆکدا یەک شتن بەلآم لەشێوەدا جیاوازیان هەیە..!! گۆرانکارییەکان شایستەی خوێندنەوەن نەک بارودۆخ , لەزەمەنێکدا کە عەبدولخالقی تێدابوو ئیسلامییەکان هێزی ئاشکراو بەو شێوەیەی ئێستا جبەخانەیان نەبوو لەبەرامبەریشدا ساڵی هەشتاکان کەمەعروف تێیدا دەژیا دەسەلآتی تۆتالیتاری حوکمی کوردستانی دەکرد و ئەو کاتە چەقۆیەک بەس بوو بۆ سەربڕین , کەچی کتێبێک بەرهەم هات , بەلآم ئێستا پێچەوانەیە , ئێستا رۆژانە چەوساندنەوەی ئایینی گەورەیە و روو لەزیادبوونەو لەبەرامبەریشدا چەندین بەرهەمی وەک ئەوەی ئەو دێنە کتێبخانەکانەوە.. زەمەنی

عەبدولخالق ژن تیرۆر و کوشت و بڕ دەکرا , ئێستاش بەهەمان شێوە , بەڵام زەمەنی عەبدولخالق بەراورد بەم ساڵانەی دوایی ئێستا ژن زیاتر دەکوژرێت , لەبەرامبەریشدا ئەو رووبەرووبونەوەیەی ئێستا لەئارادا هەیە بەئیسلامییەکان بەراورد بەئەوسا گەلێک زۆرترە. ئەمەش ئەو بۆچوونەی من دەسەلمێنێت لەبەرامبەر هەبوونی چەوساندنەوەی زیاتر و بارودۆخی نائارام تاکی بیرمەند بیرکردنەوەو نوسینی کاریگەرترە. رێژەی کوشت وبڕی ژنان لەساڵی هەشتاکاندا کەم بووە و لەدوای راپەڕینەوە بووە بەرووباری خوێن , واتە هێزی ئیسلامی لەهەشتاکاندا کەم بووە و لەئێستادا زۆر..!! کەواتە لەهەشتاکاندا یەک نوسەری رەخنەگر (عەبدولخالق مەعروف) دروست دەبێت و لەم ساڵانەی دواییدا زۆر..!! لەهەر شوێنێک چەوساندنەوەو سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی بیری ئازادی زۆرتر بوو لەوآ رووبەرووبوونەوە زیاتر دەبێ. ئەمەش بەرەبەرە بەو ئاقارە چووە , دەنا زۆر لەئازادیخوازان تیرۆر کراون و زۆرێکیش دەربەدەر بوون یاخود لەنوسینەکانیان پاشەکشێیان کردووە , ئێستا وای لێهاتووە لەبەر ئەوەی دیموکراتییەت بەرەو فێربوون و گەشەکردن دەچێ نەک گروپێک بەڵکو چەندین گروپی کۆنپارێز بەهەموو چەکدارو راگەیاندن و شمشێربەرزکردنەوەکانیان ناتوانن ماملانێی حەقیقی لەگەڵا بانگەشەدەرانی دیموکراتیدا بکەن و توندوتیژییەکانیان ئەنجام نادات بەدەستەوە. ژمارەی ئەوانەی لەم ساڵانەی دواییدا تیرۆر کراون و ئەو بەرهەمە زۆرەوەی کەوتۆتە بەرچاو بەراورد بەساڵانی هەشتا زۆرترە , تەنانەت کاریگەرییەکان بەسەر هەموو بەرهەمە هونەرییەکانیشەوە هەبووەو ئەو بەرهەم و جمهورەی لەساڵی نەوەدەکاندا دەرکەوت زۆر لەهەشتاکان زیاترە. ئەو بارودۆخەی مەبەستانە زیاتر پەیوەندی بە باری ئابوورییەوە , پەیوەندی بەزانست و بیناسازی و تەکنەلۆجیاو تاوانەوە هەیە نەک فکر و داهێنان و رووبەڕوبوونەوە.

گۆران هەڵەبجەیی : ئایا خیتابی دەسەلآتی کوردی جۆرە ئاوێتەیەکی نییە لەنێوان عەلمانییەت و ئاییندا کەهەندێک جار جیاکردنەوەی هێڵەکان ئاستەنگ بێت؟؟ بۆ نموونە دەسەلآتی کوردی بێدەسەلآتی خۆی لەئاست کێشەکەی تۆدا نیشاندا ئیتر چ ئومێدێک دەمێنآ کەئیدیعای عەلمانییەت دەکات هاوکات توانای پاراستنی فەزای پێشڤەچوونی مەعریفی و عەلمانییەتی نییە؟! پێت وانییە لەئاست مەسەلەکەی تۆدا جۆرە تەنازولێکی بۆ رەوتە ئیسلامییەکان کردبێت..؟

مەریوان هەڵەبجەیی : سەرەتا حەز دەکەم ئەوە بڵێم حزبەکانی کوردستان لەواقعدا بەرەو عەلمانییەت هەنگاویان ناوە ئەمەش قسەی زۆری لەسەرە , بۆ پرسیارەکەشت لەناوەرۆکدا خۆی وەلآمی خۆی دەداتەوە.. لەراستیدا هەرکام لەبەرنامەی حزبە غەیرە ئیسلامییەکانی کوردستان بگریت نزیک و دوور نەیانویستووە ئاوێتەبوون لەنێوان خۆیان و ئایین و ئایینزاکاندا دروست بکەن , بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە ناچاریان دەکات مل بۆ ئەو واقیعە کەچ بکەن , کۆمەڵگا ئایینپەروەرەکان بەفکرو مەعریفە شوێنکەوتەی ئایینەکان نەبوون تالەرێگەی دیالۆکەوە و لەگەڵ تێپەڕبوونی قۆناغە یەک لەدوا یەکەکانی شارستانییەت و پەیڕەوو پرۆگرامی حزب و یاسا زەمەنییەکان واقعییەتیان بگۆڕدرێت , هەموو ئاکارو رەفتاریان بەویراسە و کلتورێکی دێرینەوە پەیوەستەو هەموو کاتێکیش دەیانەوێت هەمان رووکار لەبەرامبەردا ببیننەوە , لەبری ئەوە دابونەرێتێکی مەحکەمیان لەناو پێگەی کۆمەڵگادا داچەقاندووە و کلتورو شارستانییەتی کۆنی ئایین لەناو کۆمەڵگاکەماندا رەگی داکوتاوە و پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بەدەوروبەری خۆیانەوە بۆ مێژوو هەیە.. لەئێستادا هێز و شێوازی سیاسی ئیسلامی لەجیهاندا لەکاملترین تۆتالیتارێتیدایە , گروپە ئیسلامییەکانی ناوەوەی کوردستانیش بێشەرمن لەدرکاندنی ئەم راستیانەو تێزو حزبی کوردیش بەتایبەت حزبە مۆدێرنە دیموکراتیخوازەکان ئەم واقیعە باش دەبینن , گەرچی جار جار ناچاردەکرێن و شەڕی کلتوری رزیو دەکەن بەلآم هەڵەی گەورەی ئەو حزبانە لەم ئاوێتە بوونەدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت لەبەرامبەر شەڕکردنیان بەئیسلامییەکان مزگەوتیش دروست دەکەن , لەئیسلامییەکان زیاتر کار بۆ بوژاندنەوەی پێگە

ئاييني‌يەكان دەكەن , ياری بەرەسمييەتی جەژنەكان دەكەن , مەولونامە بەرز دەنرخێنن و كەسايەتی گەورەيان بەشداريان تێدا دەكات , يەكێتی زانايان دروست دەكەن و قورسايی بەقسەيان دەدەن , بەراورد بەدروستكردنی بيناكان مزگەوتمان زياترە لەنەخۆشخانە , سەرەتای كردنەوەی تی ڤی و راديۆكانيان بەدروشمی ئاييني دەستپێدەكات , تەكيەو كورسي پياوماقولان لەبەڕێوەبەری قوتابخانەكان زياترن , لە كوردستاندا ئەو رێزەی لەسەرۆک عەشيرەتەكان دەگيرآ و ئەو پارەيەی بۆ بوژاندنەوەی پياو سالاری سەرف دەكرێت بۆ رێكخراوەكانی ژنان سەرف نابن , سەرۆک عەشرەت لەسەرۆک رێكخراوێكی فەرهەنگی موحتەرەمترە , ئەوەی لەمانگی رەمەزاندا تەلەفزيۆن و راديۆ عەلمانييەكان دەيكەن خودی ئيسلامييەكان تواناى كردنيان نييە , كارێكيان كردووە بەپێچەوانەی ئەوەی خەڵک لەئايين دووربخەنەوە بەرەو ئيسلامەتييان رادەكێشن و دەرئەنجاميش ژمارەی حزبە ئيسلامييەكان زياترە لەژمارەی كتێبخانەكان..!! ژمارەی ئەوانەی خۆيان دەتەقێننەوە زياترە لەرۆشنبيرەكان , هەبوونی ئيسلامييەكان لەرێكخراوە پيشەيی و مەدەنيی و ديموكراتييەكاندا بۆتە مايەی مەترسی لەسەر دۆزی پەروەردەی ديموكراتی و بير لەچارەسەركردنی ناكەنەوە..! هەنگاو نانێن بۆ ئەوەی رێژە و ژمارەی نەخۆشخانەو قوتابخانە و كتێبخانەكان لەژمارەی مزگەوت و تەكييەكان زياتر بێت. ئەمان هاتوون قورسايی زياتريان لەسەر رێكخراوە پيشەيی و رۆشنبيرييەكانە كەلەسەدا نەوەدو نۆيان تەپيون نەک پوكانەوەی پێكهاتە دێرينەكانی كۆمەڵگا.. ئەمەش هێجگار هەڵەيەكی گەورەيە چونكە رێكخراوەكان موخاتەبەی نوخبە دەكەن نەک بيركردنەوەی گشتی , چونكە ئێستا لەتەواوی كوردستاندا رێكخراوێكی جدی نابينين كار بۆ بينينی ئەو واقيعە بكات كەكۆمەڵگا تێيدا دەژی! ئەمە هێجگار نامۆيە بەفكرو چەمكی ياسای كۆن و نوێی دەوڵەتە پێشكەوتووخوازەكان , بەو دەليلەی تا ئێستا تێزی حزبە كوردييەكان ئەو ئامادەييەيان لەلای ئەم كۆمەڵگايەی ئێمە دروست نەكردووە تاهەنگاوی لەو شێوەيە بنێن , من گومانم لەسەركەوتنی ئەم كارە نييە بەلآم گومانم هەيە لەوەی لەم ساتە وەختەدا ئامادەييەكان هەبن. چونكە بەڵگەكان لەبەر دەستدان و مەلا بەشير و مەلا بەشيرەكان لەكوردستاندا قيژەی قيژی كۆنەپەرستييانە و درۆو بوختانی نابەجێ و خورافە بلآودەكەنەوە كەچی تەلەفزيۆنی كوردستان تی ڤی بۆ ماوەی بيست وچوار سەعات لەسەر رەخنەيەكی راستی و زانستی حەمە سەعيد حەسەن داخراوە.

تێبينييەكی وردم هەيە , ئەويش ئەوەيە , بەدحاڵيبوونێكی زۆر گەورە هەيە كەگۆڕينی واقعيەتی تێزی كۆنپارێزی و پياوسالاری بەسياسەتی حزبەكان بسپێرين..!! مەنهەجييەتی حزب دەلالاتی خۆی هەيە و گۆڕينی كۆمەڵگای كۆنەپەرست بۆ دونيای هاوچەرخ و مۆدێرن پەيوەندی بەپرۆسەی پەروەردەوە هەيە , پەروەردەی كۆمەڵگاش پەيوەندی بەحزبەوە نييە , حزب يەكێكە لەوەسيلەكان نەک شتەكان. ديموكراتی بەپەروەردە دەگۆڕدرێت چونكە ديموكراتی لەئەنجامی پەروەردەوە بەرهەم دێت و خودی ديموكراتی يانی پەروەردەكردن ئينجا مومارەسەكردن. باپرسيارێک بكەين , زياتر لەهەزارو چوارسەد ساڵە لەكۆمەڵگاكەی خۆمان و كۆمەڵگا ئيسلامييەكاندا شەرەف لەناوگەڵی ژناندا دەبينرێت , ئەمە چ پەيوەندييەكی بەحزبەوە هەيە.؟؟ زياتر لەهەزارو چوارسەد ساڵە ژن سەردەبڕدرێت , چ پەيوەندييەكی بەيەكێتی و پارتييەوە هەيە.؟؟ ئەگەر يەكێتی و پارتی و تەواوی پەرلەمانتارەكان لەناو برگەو مادەكانی ياسای سزادانيشدا ياساكانی دژ بەژنان بگۆڕدرێن و ئەو ياسايانەی لەبريان دادەنرێن كەتەواو پشتگيری ژنان دەكات لەو باوەڕەدام هەتا رەفتارو ئاكارو دابونەرێت و بيرۆكەی ئيسلامييەكان بمێنآ , هەتا هەرەشەو تۆقين و تيرۆر و شەمشەمەكوێرە بمێنآ هەميشە شەرەف لەناوگەڵی ژناندا دەمێنێتەوەو خانم و خاتونەكان بەردەوام سەردەبڕدرێن و نەک حزبێک بەڵكە سەدان و هەزاران حزب گۆرانكاری بەپرتاوی نەوعی دروست ناكەن. ئەوە چەند ساڵە رێكخراوەكانی ژنان و ئافرەتان و خانمان و خاتونەكان و ئەم ناوانە لەكوردستاندا هەن , لەساڵی هەشتاكانيشدا يەک رێكخراوی ژنانەی بەعسی هەبوو , گەر كەسێک لێكۆڵينەوەيەكی مەيدانی بكات زۆر بەئاسانی بۆی دەردەكەوێت ژمارەی ئەو ژنانەی لەم ساڵآنەی دواييەدا تيرۆر و ئەتک

کراون زۆر زۆر زۆر لەوە زیاترە کەلەهەشتاکاندا هەبوون , یاخود با بەشێوەیەکی تر بەراوردەکە بکەین , لەم سالآنەدا و لەژێر سێبەری سیاسەتی ئەم حزبانە ئایا ژمارەی چالاکی نەوعی ئەم ڕێکخراوە ژنانییەکان زیاترە یان ژن کوشتن؟؟؟ بێگومان ژن کوشتن. ئەقڵی پیاوسالاری و خاوەن شەرەفەکان چەقۆ لەملی ئافرەتەکان دەسوون کەچی ڕێکخراوە ژنانییەکان ململانێی حزب سالاری دەکەن و ئەو دەسەلآتەی پێیاندراوە بەدەستی خۆیان وەک چەپکە گوڵێک دەیبەخشنەوە بەپیاو..!! دوژمن و پیاوکوژەکانی ناو حزب ئاشت بوونەتەوەو دەستیان لەملی یەکتردایە کەچی هێشتا ڕێکخراوە بەناو ڕۆشنبیری و پیشەیی و جەماوەری و دیموکراتییەکان خەبەریان نەبۆتەوە و هەڵتەی حزب سالاریانە..!! ئەمەش ئەو هەڵەیەیە کەئاوێتە بوونی بەناچارییانەی عەلمانییە سەقەتەکەی لای خۆمان و خیتابی ئیسلامییەکانە , چونکە ئەمە خواستی سەرەکی و هیواو ئامانجی ئیسلامگەراکانە. تاچەند کۆمەڵگا پەرتەوازە بێت گەرای ئیسلامی زیاتر دەچێنرێت.. تاچەند حزب بیەوێت بەناوی ئیسلامی ڕاستەقینەوە قسە بکات , خۆی بکات بەدەم ڕاستی ئیسلامی حەقیقی و یەکێتی زانایانم بۆ گەورە بکات و بەئیسلامییەکان بلێت ئێوە ئیرهابین و ئیسلامی ڕاستەقینە نین دە ئەوەندە دەربار بەم مەسەلەیە خزمەت بەتێزی ئیسلامییەکان دەکات. گەر دەسەلآت بیەوێت بەئایەت و حەدیس گفتوگۆ لەگەلآ ئیسلامییەکاندا بکات هەر لەسەرەتاوە دۆراندویەتی.. ئیسلامییەکان بەهێزی شمشێری خوێناوی ئەم مەعمایەیان خولقاندووە , بۆ هەر مەعمایەکیش دەیان دەقی پیرۆزت بۆ ریز دەکات. بۆ نموونە زۆرێک لە عەلمانییەکان چونکە دەقیان نەخوێندووەتەوە دەڵێن سەربڕین لەئیسلامدا نییە و ئیسلام لەو ڕەفتارەوە دوورە , لەکاتێکدا بۆ سەربڕین و شێوازەکانی سەربڕین چەندین ئایەتی بۆ تەرخان کراوە..! تاخیتابی دەسەلآتی کوردی موجامەلەی ئیسلامی بکات هەمیشە هێڵە سەرەکییەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن و جیاکردنەوەیان مەحاڵ دەبێت , ئێستا لەکوردستاندا زۆر بەئاستەم دەتوانین شێوە و شێوازو ڕەفتارەکانی ئیسلامیي لەحزبەکان جیا بکەینەوە. ئایدۆلۆژیا بۆ خۆی وایە و پێکهاتەی حزب وەک پێکهاتەی ئایینی یەک وێنەی هەیە..!! ئایین لەسەری سەرەوە خواو دوای ئەو قورئان و دوای ئەو پەیامبەر و خەلیفە و سەحابە و ئیماندار دێت , ئایدۆلۆژیاش لەسەرەوە لەجیاتی خوا سەرۆک یان سکرتێری حزب و دوای ئەو لەجیاتی قورئان پەیڕەوو پرۆگرام و دواتر لەجێی پەیامبەر و خەلیفە و سەحابە و ئیماندار دەستەی کارگێڕی و مەکتەبی سیاسی و کادر و ئەندام دێت. لەپێکهاتەدا یەک شێوەن.. بەلآم داواکاری و خاڵی بنەڕەتی لەم ڕەهەندەدا گرنگ ئەوەیە کارو ئامانج جیاواز بێت و ئەمەش جگە لەتروسکایی شتێکی ئەوتۆ نابینرێت چونکە تائێستا دەسەلآت نەیتوانیوە لەقاڵبی بیرکردنەوەی ئیسلامی دەرچێت.. دەیەوێت بزانآ مەبەستی فلآنە پەیامی ئیسلامی چییە , بەلآم ئامادە نییە لەهاواری ئەو گەنجە تێبگات کەلەگوندەکەیدا ئارەقەی شین و مۆری کردووە و قسەی هەیە. ئامادە نیە و تاقەتی نییە و تێناگات لەو فەرمانبەرەی جگە لەکارەکەی خۆی گەلێک باشتر و زۆر توانای زیاتری هەیە و دەتوانآ دەوری ئیجابی زیاتر بگێڕێت , بەلآم لەگەلآ ئیسلامییەکاندا موجامەلە دەکات و گوێیان لێدەگرێت , بەوێنەی مەلا و سەرەک خێلآ و باوکسالارەکان ئامادە نییە گوآ لەقریشکەی ژنان بگرآ و بزانآ چی دەڵێ و بۆچی هاوار دەکاو بۆچی خۆی دەسوتێنێت..! دەسەلآت موجامەلەی ئیرهابییەکان دەکات کەمێژوویان پڕە لەخوێن بەلآم ئامادە نییە گفتوگۆ لەگەڵ فایەق گوڵپی و پارتەکەی بکات کەلەلاپەڕەکانی ئەم حزبە نوێیە نەک سەربڕین بەڵکو وێنەی یەک چەقۆی تێدا نەکێشراوە , ئەم ئاوێتەبوونە ئەگەرچی سەپاندن و ناچاریی کۆمەڵگایە بەلآم دەسەلآت لەبەردەمیدا بێتوانا و نەزانە , لەشارەکاندا خۆیان مەلآس داوە و قەزاو ناحیەو گوندەکانیان لەنەخشەی بیرکردنەوەی خۆیاندا سڕیوەتەوەو تەسلیمی ئیسلامییەکانیان کردووە ئەمەش ئەو ئامانجەیە کەئیسلامییەکان ئاوا کەبەئاسانی دەستگیریان بووە خوێنی لەپێناودا دەڕژن.

حزبە سیاسییەکانی کورد تووشی نەخۆشی دەروونی بوون لەجۆری شیزۆفرینیا دوێنی دوژمنترین دوژمن بووەو ئەمڕۆ دۆسترین دۆستە , سالێک لەگەڵ ئیسلامییەکاندا شەڕ دەکا و بەلێشاو حزبۆکە دروست دەکات و سالێکی دی دەستی

لەمل ئیسلامییەکان دەئالآنآ و دەکەوێتە وێزەی حزبۆکەکان..!! ئەمەش هەمان واقعییەتی مێژووی ئیسلامییەکانە لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەری‌خۆی.! هەندێک لەسیاسیەکانمان بە قسەکردن خۆیان بەفریادرەسی چەوساوەکان دەزانن و لەژێرەوەش بەرەفتار جەللادن.!! ئەمەیە حەقیقەتی ئاوێتەبوونی خیتابی کوردي لەگەڵ ئیسلامییەکاندا چونکە لەئاوەزی ئەم پەروەردەیەیاندا هەڵگری ئەو رەفتارانەن کەئیسلامییەکان مومارەسەی دەکەن. لەبڵندگۆی میحرابی راگەیاندنیانەوە لەلایەکەوە ئامۆژگاریمان دەکەن و لەلایەکی دیکەوە لەجێی چاکسازی و گۆرینی سیستمی پەروەردە دێن باس لەگەندەڵی کۆمەڵگا دەکەن و تاکەکان خەتابار دەکەن نەک خۆیان و سیاسەتیان , بەوێنەی ئەو مەلایەی وەعزی خەڵکی دەدات کەسەریان کز بکەن و سەیری ژنی کەس نەکەن و پارەی زیادە وەرنەگرن چونکە چڵکی دەستە , کەچی خودی خۆی زۆرترین قسە دەکاو لەجیاتی یەک ژن چوار ریز دەکاو لەجیاتی یەک موچە وەربگرێ بەمارەکردن وەردەگرێ , تەلآق وەردەگرێ , زەکات وەردەگرێ , مەولونامە وەردەگرێ , لەپرسەدا وەردەگرێ , لەسوڵحی عەشایەریدا وەردەگرێ و دواتر دەڵێ ئەوە لە فەزڵی خواوەیە ئەویش کۆمەڵگا تاوانبار دەکات نەک خۆیان و ئاینیان. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە زۆر بەخراپی بەناو زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگادا شۆڕبۆتەوەو لەهەردوو خیتابەکەشدا تاک تاوانبارە و ئەنجامیش ئەوەیە هەموو توشی نەخۆشی کەرتە جودایی دەبن و لەجیاتی ئەوەی چەندین نەخۆشخانەی دەروونیشمان هەبێت یەک دانەمان هەیەو لەجیاتی یەک زیندانیش چەندین زیندانمان هەیە..! لەدەوڵەتە پێشکەوتووخواز و عەلمانییەکاندا زۆرترین تاوانبارە زیندانەکان ئەو دەسەلآتدارانە بوون کەپێشتر لێپرسراوێتییان هەبوو , لەدەوڵەتە ئایینی و ئیسلامییەکانیشدا زۆرترین تاوانبارە زیندانییەکان خەڵکی رەش و رووتن و بەشێوەیەکی شاز باسی بەرپرسێکی بچوک دەکرێت..!!  ئایا ئەم بیرۆکەو رەفتارانە ئایینی نین؟؟ ئایا هەمان ئەو وێنەیە نییە کەمەلاکانمان لەمزگەتەکاندا لەلایەکەوە ئامۆژگاری ئیمانداران دەکەن و لەلایەکی دیکەشەوە نەهامەتی و سەرگەردانی دەدەنەوە بەرووی خەڵکیدا و بەدۆزەخ زەندەقیان دەبەن..؟؟ زۆربەی هەرەزۆری ئەو کەسانەی لەکۆمەڵگاکەماندا باس لەکۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتی و ئازادی و سەربەستی ژنان دەکەن خودی خۆیان سەرۆک عەشرەتن..!! بەهەمان وێنەی ئەو مەلایەی بەدارحەیزەرەکانیەوە ئەلحەمدی دەکرد بەمێشکی منداڵە بەریئەکاندا لەزانکۆ مامۆستا هەبووە لەکۆلیجەکەیدا بەدەمانچەوە موحازەرەکەی وتووەتەوە ,..!! ئاوێتەبوون لەمە زیاتر ئەبآ چی بێت.؟! هەروەک چۆن مەلاکانمان لەجیاتی مزگەوت چەک و شمشێریان پێیە و خەریکی داڕشتنی پیلانی شەڕی دەسەلآتن هەرئاواش مەڵبەندو لقەکان و بەرپرسی دامودەزگاکانی دەوڵەت لەجیاتی سیاسەتمەدارو کەسی شیاو پڕاوپڕن لەپێشمەرگەی کۆن و شەڕکەر..!!  نموونە زۆرن و تەنها لەشێوەی قسەکردنی دەرەکیدا جیاوازن و لەرەفتاردا گەر بەجەستەش تێکەلآو نەبووبن ئەوا بەبیرکرنەوە ئاوێتەی یەکن.

بۆ مەسەلەکەی منیش حەقیقەتێک هەیە گەرچی لای هەندێک تاڵە بەلآم وتنی و درکاندنی پێویستە , ئەویش ئەوەیە دەسەلآت تەنازولی بۆ رەوتە ئیسلامییەکان نەکردووە بەڵکو تەسلیم بەکۆمەڵگا بووە , تەسلیم بەواقعییەتێک بووە کەهەزار ساڵە بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا سەپاوە و گەر وابزانین بەچەند ساڵێک دەتوانین لەژێر کاریگەرییەکانی دەرچین ئەوە بیرکردنەوەیەکی سەقەتە , بۆ نموونە گەر هەر ئێستا یەک گروپی ئیسلامی لەناو کۆمەڵگاکەماندا نەمێنێت و بارەگاکانیان فڕێبدرێنە زبڵدانی مێژووەوە بایی دوو سەد ساڵی دیکە مزگەوتمان هەیە و بەدرێژایی ئەم دوو سەد ساڵەش نابینی دەسەلآتێک جورئەتی ئەوە بکات یەک مزگەوت بڕوخێنێ مەگەر خۆی بڕوخێ..!! ئەوەتا لەرانییە یەک کتێبخانەی تێدایە بەنیازن بیڕوخێنن بۆ ئەوەی رێستورانێک لەشوێن دروست بکەن , ئەگەر بۆ ئاوەدانکردنەوەو شارستانییەت رێستوران دروست دەکرێت دەبوو لەسەر پارچە زەوییەک دروستیان بکردایە یاخود مزگەوتێکیان بۆ بڕوخاندایە نەک شوێنی فکرو زانست و مەعریفەی بۆ تەخت بکەن. ئەمە چ دەستورو رێساو یاسایەکە کەلە مادە یاساییەکانی بەعسدا هاتووە هەر کەس مزگەوتێک دروست بکات لەکۆمەڵێک باجی دەخل و کەسابەت رزگاری دەبێت؟؟ جا کەئەم یاسایە تا ئێستا بەرقەرار بووە

ئەدی بۆچی لەبەرامبەریدا یاسایەک نەبوو بڵێ هەر كەس كتێبخانەیەک یاخود نەخۆشخانەو قوتابخانەیەک دروست بكات نیوەی باجی لێدەسەنین؟؟ هەروەها نابینی دەقێک پەراوێز بكرێ مەگەر خۆی لەبەردەم گۆڕانكارییە شارستانییەكاندا لەبیربچێتەوە..!! هەموو شتەكان لەكۆمەڵگا ئیسلامییەكاندا موقەدەسن , پەڕۆی درەختی بەناو پیاوچاكانی ئیسلامی و پەڕۆی حزبەكان وەک یەک موقەدەسن , مەلا و عەمامەبەسەر و سەرۆک خێڵ و سەرۆک حزب وەک یەک موقەدەسن , لەراستیدا زۆر لەلام سەیرە بتەوێت گۆڕانكاری نەوعی لەكۆمەڵگایەكدا دروست بكەیت كەهێشتا لەو كۆمەڵگایەدا سیواک بەكاردەهێنرێت، لەو باوەڕەدام گەر حوشتر لەناوچەكەماندا هەبوایە كەس سواری پاسی خەتەكان نەدەبوو كەهەتا پڕ نەبێت ناڕوات..!! دەسەڵات لەكۆمەڵگایەكی ئاوادا دەژی و نابێت لەچاوی خۆمانەوە بروانینە گشتی , بیركردنەوەی نوخبە جیاوازە لەرەفتارو ئاكاری گشتی , من بۆ خۆم نازانم بەهەڵەدا دەچم یان..نا بەڵام شێوازی بەدەنگەوە هاتنی حزبەكان بۆ كێشەكەی من جۆرێک لەجۆرەكان بەباشم داناوە , ئەمەش قسەی زۆری لەسەرەو رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەلەناو كێشەكەدا خودی خۆمی تێدا بوبێت , راستییەكەشی ئەوەیە كەلەدەروونمدا بەرگەی ئەو رووبەڕووبونەوەیەم نەدەگرت خوێنی تێدا بڕژێ..!! پێموایە دەسەڵاتی كوردی ئاقڵانەتر لەلوبنان و پاكستان جوانتر لەوان مامەڵەی لەگەڵ رووداوەكاندا كرد , چونكە لەوێ چەندان كەس خەڵتانی خوێن بوون , بەڵام لێرە خوێن لەپەنجەی كەس نەهات كەئەمە ئامانجی هەموومانە. مەبەستمە ئەوە بڵێم گەر كەسێک ویستبێتی لەرێی ئەم كێشەیەوە بەهێز دەمكوتی ئیسلامییەكان بكات خوێندنەوەكەی بۆ بارودۆخەكە كورتی هەڵهێناوە , بەتایبەتی یەكێتی نیشتمانی بەم ئەزموونەدا تێپەڕیوەو لەساڵی نەوەدەكاندا بەم قۆناغە تێپەڕی كردو ئەنجام سەدان كوژراوی بەرهەمهێنا , كەمن پێموایە هەڵەیەكی گەورەی كردووە , من دڵنیام گەر وەک ئێستا بیری لێبكردایەتەوەو بەیاساو ململانێی فكری و مومارەسەكردنی دیموكراتییەتی حەقیقی رووبەرووی ئیسلامییەكان ببوایەتەوە ئێستا زۆر لەقۆناغەكەی تێپەڕاندبوو. لەلایەكی دیكەوە سیاسەتی ئەوان پەیوەندی نییە بەهەڵچوونی دەرەكی , خوێندنەوەی لایەنە پۆزەتیڤەكانی ئەم رووداوە گەلێک لەسلبیاتەكانی زیاترن , بۆ نموونە ئەگەر چی ئیسلامییەكان لەرووی شێوازەوە لەبەرامبەر كتێبەكەی مندا سەركەوتووبوون , سەركەوتن بەو مانایەی توانیان هەموو شێوازەكانیان بەكاربهێنن , هەر لەرۆژنامەو تەلەفزیۆن و رادیۆوە تادەگاتە مزگەوت و خۆپێشاندان و هەڕەشەكردن , لەبەرامبەریشدا لەرووی فكرییەوە ئازادیخوازەكان بردیانەوە , چ ئەوەی كەبۆ هەموو لایەک دەركەوت ئیسلامییەكان وەڵامی زانستی و لۆژیكییان پێنییە چ ئەوەی لەم مەسەلەیەدا بۆ یەكەمینجار لەمێژووی فەرهەنگی كوردیدا ئازادیخوازەكان یەک دەست و یەک دەنگ وەڵامیان دانەوەو نەیانهێشت مەرامی ئیسلامییەكان بگاتەجآ و رەنگە لەئێستادا رەنگدانەوەیەكی ئەوتۆ نەبینرێت بەڵآم لەداهاتوودا سەركەوتنێكی فكری گەورە دەردەكەوێت. ئیسلامییەكان بەهەموو هێزێكی خۆیانەوە هاتنە سەر شەقام و بەئیعترافی خۆشیان گەورەترین هەڵەیان كردووە. دۆڕاندنی سەرەكی هەڵەی ئیسلامییەكان بوو نەک بردنەوەی ئازادیخوازەكان. دانبەوەدا دەنێم كەئیسلامییەكان لەرەفتاردا سەركەوتووبوون , بەڵآم كێشەكە لەوەدایە لەفكرو مەعریفەدا دۆڕاون.

گۆران هەڵەبجەیی : بە بۆچوونی تۆ لایەنێک , حزبێک , مەزهەبێک , لەلاوازیدا پەنا بۆ توندوتیچی دەبات یان لەبەهێزیدا..!؟؟ یاخود ئەو بۆچوونە پەیوەندی بەسروشتی ئەو لایەنەوە هەیە كەئیرهاب دەكاتە ئامانجی؟؟

مەریوان هەڵەبجەیی: سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم توندوتیژی تەنها لەسەر ئیسلام موڵک نییە , مێژووی سەدەکانی ناوەراست لەئەوروپادا کەمەسیحییەت چی لەکۆمەڵگا کرد لەبیر بەشەرییەت ناچێتەوە , ئێمە بیستومانە لەسەدەی شانزەهەمی دوای زایینداا شەپۆلێکی توندرەوی ئەوروپای مەسیحی گرتەوە کەلەوەو پێش وێنەی نەبووە، شارەکان کەوتنە کێبەرکێی پێکهێنانی چەندین دادگای پشکنین کە لەئیسپانیاوە سەریهەڵدابوو. با لەم کارەساتە ئاییینە ورد ببینەوە کەدکتۆر کامل النجار باسی دەکات , لەساڵی 1553دا ئیدانەی پزیشکێکی ئیسپانی کرا کەلەسویسرا کاری دەکرد و بەهەرتەقە تاوانبار کرابوو، ئەم پزیشکە (میکائیل سرفیتیوس) دادگایی کرا کەبەزوێندیتی بسوتێنرێت , لە27ی ئۆکتۆبەری 1553 سزاکەی بەسەردا سەپێنرا. فەرەنسا بەهەمان شێوە لەناو چنگی دادگاکانی پشکنیندا بوو، پیاوانی کەنیسەی فەرەنسا وا هەستیان کرد سویسرا بە سوتاندنی (سرفیتیوس) خەلأتێکی گەورەی لەلایەن خواوە وەرگرتووە هاتن پەیکەرێکی (سرفیتیوس)یان دروست کرد و پاشتر سوتاندیان تالەو پاداشتەی خوایە بێبەش نەبن کەدەیبەخشێ بەو کەسانەی بێباوەڕان دەسوتێنن. لەکاتی سوتاندنەکەدا پێشەواکەیان (میلانکتون) لەگوتارێکدا سوپاسگوزاری خوای کرد بەسزادانی ئەو پیاوە بێباوەڕەو وتی: سوتاندنی بەڵگەیە بۆ خۆپاراستن و تەوبەکردنی خەڵکی سویسرا. تەنها یەک کەس جورئەتی کرد بەرگری لێبکات ئەویش (جوريس البازي) بوو، بەڵام بەرگرییەکانی بەناوی خواستراوەوە بلاّودەکردەوە، کاتێکیش مردو دەرکەوت ئەوبووە ساڵی 1566 گۆڕەکەیان هەڵدایەوەو لاشەکەیان دەرهێناو سوتاندیان.

هەموو حزب و گروپ و لایەنێکی سیاسیش لەدونیادا لەبێهێزیدا پەنای بۆ توندو تیژی بردووە , هەشبووە لەبەهێزیدا پەنای بۆ بردووە , هتلەر لەوپەڕی هێزدا پەنای بۆ تەندوتیژی برد , بەڵام لەتەواوی دونیادا و بەدرێژایی مێژوو هیچ لایەنێکی سیاسی وەک هێزە ئاینییەکان پەنایان بۆ توندو تیژی و ئیرهابی نەبردووە , تەنانەت لەکاتی ئەوپەڕی دەسەڵاتیشدا هەمیشە شمشێریان بەدەستەوە بووە..!! ئیسلامییەکان قارەمانی مێژوون و مەدالیای یەکەمینیان لەگەردنی خۆیان داوە و لەهەموو شێوازەکاندا لەم پرۆسەیەدا لەپێشەوەی پێشەوەن. نموونە زۆر زۆرن.. لەمێژووی ئیسلامییەکاندا و لەکاتی دەسەلاّتدا لەهەر شوێنێک رەخنە هەبووبێت پاش ماوەیەک رەخنەگرەکە دوچاری توندو تیژی بۆتەوە , ئەوان ئاوا بکوژی خەلیفە عەلی دەکوژنەوە: لەپێشدا هەردوو دەستی دەبرنەوە , دواتر هەردوو قاچی دەبرنەوە , دوایی زمانی دەبرن , ئینجا چاوەکانی هەڵدەکوڵن , لەکۆتاییشدا سەری دەبرن. لەسەردەمی خەلیفە (المعتچد بالله) رەخنەگرێک بەناوی (محمد) دەهێنن و هەرچۆن ئاژەڵ کەوڵ دەکرێت ئەئاوا کەوڵی دەکەن تا دەمرێت. (ابن عگاش)ی رەخنەگر دەهێنن لەپێشدا پێستەکەی دەگورن تا دەمرێت دواتر پێستەکەی وەک تووتن دەبرژێنن. ئەمە چەند نوونەیەکی زۆر زۆر کورتن و با بەراوردی بکەین , ئەم دەسەلاّتانە هێزیان هەبووە و لەبێهێزیدا نەیانکردووە , خاپورکردنی پەیکەرەکەی بووزا لەئەفغانستان لەکاتی دەسەلاّتدا بوو , یانزەی سێپتێمبەر دەسەلاّتی ئیسلامیمان نیشان دەدات و مێژووشمان بیر دەخاتەوە , ئەو گۆڕە بەکۆمەلاّنەی ئێستا هەن لەمێژووی ئیسلامییەکانیشدا هەبووە و رەفتارەکە لەپاشماوەی ئەوانن و مێژوو ناتوانآ رووداوەکەی بەنی قورەیزە لەبیر خۆی بباتەوە , ژمارەی ئەو بەرهەڵستکارانەی لەزیندانەکەی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی ئیسلامیدا مردوون بەدەیان هەزار لە ژن و پیاوو منداڵ مەزندە کراوە , ئەمە چ جیاوازییەکی لەگەڵ زیندانەکەی نوگرەسەلماندا هەیە کە تێیدا دەیان هەزار ئینسانی کورد لە ژن و پیاوو منداڵ ژێر لمی بیابان کران..؟؟ ئەمانە جۆرە ئاکارێکن کەپەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەکلتوورەوە هەیە , پەیوەندییان بەئەقڵێکی دەشتەکییەوە هەیە کەبەهۆی پەروەردەکردنی بەردەوامەوە هەمیشە لەبرەودایە , ئەوەی دەمەوێت لێرەدا راستی بکەمەوە ئەوەیە کەپەنابردن بۆ توندوتیژی و تیرۆر لەئیسلامدا پەیوەندی بەبوونی هێز یان بەنەبوونیەوە نییە , بەڵکو پەیوەندی بەعەقیدەوە هەیە , ئەمە جیهادەو ئەرکي پێنجهەمە لەروکنەکانی ئیسلام و لەدوای نوێژو رۆژوو زەکات و حەجەوە هاتووە.. جاران ئیرهابکردن وەسیلە بووە کەچی ئێستا لەفکری ئیسلامگەراکاندا بووە بەئامانج , رەهەندێک لەروقعەی فکری ئەماندا هاتۆتە کایەوە

کەمانەوەی تێزی ئیسلامی وابەستە بێت بەکاری تیرۆرستی و هەرکات ئەم دیاردە ئیسلامییە کۆتایی پێ هات واتە کۆتایی بەئیسلامگەراکان لەناوچەکەدا هاتووە و رووەو ناوچەیەکی دیکە مل دەنێن کەهێشتا شارستانییەتیان لەدواوەیە و لەهەموو بوارەکاندا کۆمەڵگایەکی تەواو دارماون.

ئیرهاب لەکۆمەڵگای کوردیدا چ وەسیلە بێت چ ئامانج پەیوەستە بەکلتوری دەشتەکییانەی ناسیۆنالیستی ئیسلامییەوە , ئەو کلتورە درێژەی پێدراوەو کتێبی (مێژووی توندوتیژی خوێناوی لەعێراقدا) سەربڕین دەگەڕێنێتەوە بۆ زەمەنێکی زۆر کۆن. ئەم حەقیقەتە کەسانێک لێیان رۆشن نییە کەشارەزای مێژووی ناسیۆنالیستەکان نین و هەمەجیانە بەرگری دەکەن و دەیکەنە وەسیلەیەکی هێجگار گەورە بۆ دارمان و پوکانەوەی هەر دەوڵەتێکی عەلمانی گەر لەناوچەکەدا سەر هەڵبدات.

کارنەکردن لەسەر ئەم تێزە ئەگەر رەتکردنەوەی دیموکراتی نەبێت ئەوا کوێرکردنێتی , بەمانا بەربلآوەکەی هەر لەسەرەتاوە پوکانەوەی دەوڵەتێکی عەلمانییە کەدەیەوێت سەرهەڵبدات.

وەک عەلی وەردی لەکتێبەکەیدا باسی دەکات کۆمەڵگای ئیسلامی لەسەر دووڕوویی (ئیزدیواجییەت) پەروەردە دەکرێت. ئەم قسەیەش زۆر راستە , گەر بڕوانینە دەروونی کەسایەتی کۆمەڵگا ئایینیەکان هەموو یەکێک لەبەرامبەر کارێکی چاکە داوای پاداشت دەکات و هەر کات زانی پاداشت ناکرێت روو لەبەرژەوەندییە بالآکان وەردەچەرخێنێ و کار لەسەر بەرژەوەنییە تایبەتیەکانی خۆی دەکات , ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش بەشێکە لەتیرۆرکردنی تواناکان. دۆگماکردنی فکرو قەتیس کردنی بیرکردنەوە تیرۆرکردنە. بۆچی ئێمە کەباسی تیرۆر دەکەین تەنهاو تەنها هێزە توندرەوەکان وەبیر خۆمان دەهێنینەوە؟؟ ئایا یەکگرتووی ئیسلامی کەخۆی بەرێکخراوێکی میانڕەو نیشان دەدات ناچێتە ناو ئەم موعادەلەیەوە؟؟ تیرۆر تەنها بەچەک و شمشێر ناکرێت , هەبوونی یەکگرتووی ئیسلامی لەکۆمەڵگاکەماندا واتە تیرۆرکردنی سەرەتاییانەی فکری پێشکەوتوخوازانەی مەعریفەی کوردی و تیرۆرکردنی بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراتی لەناوچەکەماندا , یەکگرتووی ئیسلامی دەربار بەهەنگاونان بۆ ئازادی وەک سێگۆشەکەی بەرمۆدا وایە و هەر کەس بچێتە ناوی بەدەقەکانیان ونی دەکەن , ئایا ون بوون تیرۆرکردنی خود نییە؟؟ ئەگەر..نا جگە لەئامادەکردنی تاک بۆ توندوتیژی و رەوانەکردنیان بۆ بەربەرەکانی دیموکراتی و رووبەرووبونەوەی ئازادییەکان یەک داهێنانی فکری و کرانەوەمان لەو گروپە نەبینیوە. ئەوەی یەکگرتوو دەیکات لەگەلأ ئەو هێرشە توندوتیژیانەی ئێستا ئیسلامییەکان پێی ناسراون هیچ جیاوازییەکیان نییە , هەر ئەوەندەیە یەکگرتوو بەنموونەی ئیخوانەکانی دیکە لەبری شمشێر سەرکوتکردنی بیرکردنەوە ئەنجام دەدەن , ژەهر بەسەر بیرکردنەوەدا دەرژن.. بەمانایەکی دیکە لەجیاتی جەستە ئەقلأ دەکوژن , کەئەقڵیش کوژرا یانی بیرۆکەی گەشەسەندنی دیموکراتی و دروستبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی عەلمانی و ژیانی ئازاد هەر لەسەرەتاوە تیرۆر کراوە. لەئێستای واقعیەتی کوردستان و جیهاندا یەکگرتوو لەکوردستان و ئیخوانەکان لەجیهاندا خەتەرترین رێگرن لەبەردەم گەشەسەندنی دیموکراتیدا نەک رێکخراوی قاعیدە..!! ئێستا لەم کوردستانە دەربار بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی عەلمانی پێشکەوتووخواز یەکگرتووی ئیسلامی لەرێکخراوی قاعیدە ترسناکترە.. هەر کەس ئەم حەقیقەتە نەزانێت گەمژەیە..!!

با نموونە بهێنمە گۆڕێ , لەکاتی شەڕە خوێناوییەکەی یەکێتی نیشتمانی و بزوتنەوەی ئیسلامی لەدەڤەری هەڵەبجە یەکێتی تەنها حسابی بۆ هێز کرد و هێزی بەکارهێنا , پێی وابوو ئیسلامییەکان بەهێز لەناودەچن , کاتێک بەخۆی زانی لەدەرەوەی هێز تیرۆری فکری هەیە و لەو ماوە کورتەدا یەکگرتوو عەشاماتێکی ئەوەندە زۆری لەخۆ کۆکردەوە کەبۆ دەیان ساڵی دیکە کاریگەرییان لەسەر رەوتی گۆڕانکارییەکان هەبێت. یاخود ئەو حەملە گەورەیەی ئیسلامییەکان دژ بەئازادی کردیان و کتێبێکی منیان بۆ ئەو مەسەلەیە قۆستەوە و تێیدا رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆن بەکارهێنراو رێپێوانیان کردو لەمزگەوتەکانەوە هاواریان بۆ کرد لەسەرەتادا کادرەکانی یەکگرتوو مەسەلەکەیان خرۆشاندو بەنزینەکەیان ڕشت..!!

ئیسلامیی هەمیشە توندوتیژی بەکار دەهێنێت , چ لەدەسەلاتدا بێت و چ لەبێهێزیدا , گرنگ ئەوەیە ماناکانی توندوتیژی تەنها لەتەقینەوەو تیرۆرکردندا نەبینین بەڵکو سەرکوتکردن , کوشتنی تواناکانی تاک , بەستنەوەی کۆمەڵگا بەکۆنەپەرستییەوە , پەنابردن بۆ چیرۆکە خورافییەکان , بێئیرادەیی , دۆگمای ئەقلاً بەخەتەرترین توندوتیژی و ئیرهابی بزانین. تیرۆرکردنی ئەقڵ بەوەسیلە هەنووکەییەکان مۆدێلێکی نوێی توندوتیژی ئیخوانەکان و هاوپشتیوانیانە , شەکەتکردنی جەستەش لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووە , مێژووی ئیسلامیش تا لەدەسەلآتدا بێت ئەهوەنترە و لەبێدەسەلآتیدا گەورەترین جەللاد بووە , ئەمەش کلتورێکی دێرینی پێش ئیسلام بووە کەچی تائێستاش هەر ماوە و کاریگەری ئەو کلتورە درێژەی هەیە چونکە گوتاری ئەم ئایینە هەڵگری ماناکانی ئەم کلتوورەن , ئەوەندە بەسە لەئەورووپادا ئیسلامییەکان ببینرێن پێیان دەگوترێت ئوسامەو لەکوردستانیش بەشێخ زاناکان , ئەگەر..نا ئەوەتا دەیبینین لەولآتەکەماندا بەشەر سەردەبڕن و یەک حزبی ئیسلامی بەشێوەیەکی عەلەنی ئیقلیمی و جیهانی ئیدانەی ناکەن و خۆیان لەم کلتورە نائینسانییە پاک ناکەنەوە..! کەواتە ئەم حزبانەش هەڵگری هەمان کلتورن , لەئایەتەکانی (پێنج و بیست ونۆی سورەتی تەوبە) ئاماژە بەتۆقین و بۆسەو کوشت و بڕی بێپاساو کراوە. لەئایەتی (الانفال12)دا باسی سەربڕین کراوەو ئاماژەش بەم ئایەتە غەزالی دەڵێت ئەهوەنترین کوشتن لەئیسلامدا سەربڕینە. دەقێکی پیرۆز هەڵگری ئەم رەوتە پڕ لەتوندو تیژییە بێت تۆ بڵێی ئێمە چاوەڕوانی چەپکە گوڵیان لێبکەین.!؟؟

گۆران هەڵەبجەیی : لەم ماوەیەی پێشوودا کتێبێکت بەناونیشانی (سێکس و شەرع و ژن لەمێژووی ئیسلامدا) بلآوکردەوە و تێیدا وەک رەخنە زۆرێک لەبەسەرهاتەکانی مێژووی ئیسلامت باس کردووە , گەر ئایینی ئیسلام هێندە ئایینێکی موتەکامیل و مەزنە و وەرامی هەموو پرسیارەکانی لایە بۆ لەئاست ئەو کتێبەی تۆدا وەرامیان هەرەشە بوو؟؟ ئایا ئیسلام وەک دین لەهەناویدا هەڵگری تۆوی توندوتیژییە یاخود بەرهەمی ئیماندارەکانە.!؟؟

مەریوان هەڵەبجەیی : پرسیارەکەت دەکەم بەدوو بەشەوە: بەشێکیان کتێب و هەرەشە , ئەوی دیکە تۆوی توندوتیژی.. سەبارەت بەوەی دووهەم: لەلای ئیسلامییەکان ئیسلام شارستانییەتێکی گەورەیە , ئەم ئایینە موتەکامل و مەزن و گەورەیە و وەلآمی هەموو پرسیارێکی پێیە , بەلآم ئەمە بۆچوونە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەعەقیدەوە هەیە و لەبیری ئیمانداراردا رەگی داکوتاوە و پەیوەندی بەلۆژیکەوە نییە , وێنە خەیاڵییە تەقلیدییەکانی ئایین کەلەزهنی مرۆڤی زەمەنی کۆندا هەبوو یەکسان نییە بەو وێنانەی کەئێستا بەپەنجەو فلچە و تەکنەلۆژیا دەکێشرێن. بەمانایەکی دی وەک لۆژیکی ئیپیستیمۆلۆجی دەڵێ و وەک ئایدیالیزمی میتافیزیکی پێی وایە (هەموو حەقیقەتەکان نەمر نین و هەرەس دەهێنن). کەواتە ئە و شتانەی بەر لە1427 ساڵ حەقیقەت بوو ئێستا هەرەسی هێناوە , لەبەردەم حەقیقەتی گۆرانکاریشدا زۆرێک لەگروپە توندرەوەکان گەڕاونەتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و دەیانەوێت بەهەمان ئەزموونی توندرەوی مەسیحییەت تێدەپەڕن , تابۆیان بکرێت بەخورافە ئەگەر..نا بەتوندوتیژی.. لەم سالآنەی دواییەدا دەبینین هەوڵێکی بێوچان هەیە بۆ دۆزینەوەی فکرو داهێنانە زانستییەکانی ئەمڕۆ لەناو تێکستی ئایینی ئیسلامدا , ئەم مۆدێلە سالآنێکە لەکوردستاندا باوە , بۆ ئەمەش لێرەو لەوێ هەندێک وردە بابەت کۆدەکەنەوەو لەگەڵ تێکستە مێژووییەکانیان و دەقی قورئاندا دەیگونجێنن گوایە لەدەرگای مەعریفەیان داوە , هەندێک شت دەنوسن کەپڕە لەپێچاوپێچ و لەکۆتاییدا سەرتدەسوڕمێ لەوەی نوسینەکان شایستەی خوێندنەوەش نین و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ ئەو مەلایەی کەهیچ لەمەعریفە نازانێ و کاروباری ئایینی خۆشی دەبات بەڕێوە و وەلآمی پرسیاریش دەداتەوە. پێیان وایە لەناو تێکستی یەکەمی ئیسلامدا باس لەهەموو شت کراوە وەک لەئایەتی (الانعام59) ئاماژەی بۆ کراوە لێرەدا ئەگەرچی ناهەقییەک بەهەموو ئەو دەستکەوتە

زانستیانەی بەر لەئیسلام و دوای ئیسلامیش دەکرێ و هەموو داهێنانەکان بۆ خۆی دەدزێ , لە مێژووی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا ئێستا هیچ داهێنانێکی زانستی یان مەعریفی یان بیرۆکەیەکی فەلسەفی لەدەست و مەچەکی شمشێر بەدەستەکانی ئیسلاممان نەبینییوە , نەک فڕۆکە , کارگەیەکی دەرزی دروومانیشیان دروست نەکردووە.. هەندێک دێڕی جوان لەدەقدا دەبینین بەڵام کێشەکە لەوەدایە کەئەم پەرەگرافە جوانانە لەحوکمی ئیسلامدا سڕاونەتەوەو نەگەیشتونەتە ئێمە و ناشگەنە ئێمە ,

گۆران هەڵەبجەیی : ئایا ئەتوانیت روونتر ئەم چەمکەمان بۆ روون بکەیتەوە کە تۆ باسی لێدەکەیت (مەبەستم ئەو دەقە جوانانەیە کەنەگەیشتونەتە ئێمە و ناگەنە ئێمە)؟

مەریوان هەڵەبجەیی : لەدەقەکانی قورئاندا چەندین حوکم هەن قسە لەسەر هێمنی و ئارامی و خۆشەویستی و برایەتی و پێکەوە ژیان و..تاد دەکەن , بەڵام ئەمە تائەو ماوەیە بڕی کرد کەموسڵمانان لەناو مەکەدا بوون و هێشتا هێزو دەسەڵاتیان نەبوو , هەر لەگەڵ لەناو شاری مەدینەدا لەبوارەکانی ئابووری و ساسی و سەربازیدا پێکهاتەیەکی تۆکمەیان بۆ خۆیان دروست کرد بەشی زۆری حوکمەکانی پێشووتر لەکارخران و لەجێیان زمان و حوکمی توندوتیژی هاتە ئاراوەو ئەو شمشێرەی بەرزیان کردەوە زۆرێک لەکۆمەڵگاکانیان کردووە بەگۆمی خوێن و تا ئێستاش دایاننەناوە. کەواتە دەقە جوانەکان بۆ ماوەیەکی کاتی بوون و قەتیس ماونەتەوە و حوکمیان لێوەرناگیرێ و هەرگیز ناگەنە ئێمە.. دروشم شتێکەو رەفتار شتێکەو ئەنجامیش دیارە , جگە لەکۆمەڵکوژی و گۆڕی بەکۆمەڵ هیچمان نەچنیوەتەوە , جگە لەرەفتاری توندوتیژی , جگە لەکوشتنی ژنان , جگە لەسەربڕین و تەقینەوە , لەفڕاندن و داوای فدیە بۆ ئازادکردنی , جگە لەتیرۆرکردن هیچ پەرەگرافێکی ئەم شارستانییەتەمان پێنەگەیشتووە.. من زۆر دڵنیام لەوەی چ خەلیفەکانی راشدین و چ موسڵمانەکانی ئەو کاتە زۆر زۆر لەم ئیماندارانەی ئێستا بەباوەڕتر بوون , کەچی دەبینین هەر بەدەستی ئیماندارەکان خۆیان خەلیفەی یەکەمیان دەرمانخوارد کرد , خەلیفەی دووهەمیان تیرۆر کرد , خەلیفەی سێهەمیان بەئاشکرا گەمارۆیماڵەکەیان داو کوشتیان , خەلیفەی چوارهەمیشیان تیرۆر کرد , لەدوای ئەوانیشەوە مێژووی خەلافەتی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی پڕ پڕە لەکوشتن و پیلان و کودەتای ناو خودی موسڵمانەکان , لێرەدا خودی ئیماندارەکان تۆوی توندوتیژییان تێدا رواوە , ئایینەکەشیان رەگەکەی بەناخی زەویدا توند چەقاندووە. رەفتاری توندوتیژی بەرهەمی پێش سەرهەڵدانی ئیسلامە بەڵام ئیسلام پەرەی پێداوەو بەئیعترافی خودی ئیسلامییەکان یەکەم شەڕ لەمێژوویاندا کردبێتیان خۆیان هێرشیان بردووە و هیچ شەرمێکیش لەوە ناکەن کەدەڵێن کاروانێکمان لەو شەڕەدا بەتاڵان برد و لەناو خۆماندا دابەشمان کرد , شەرم نایانگرێ بەناوی غەزاوە باسی داگیرکردنی چەندین ناوچە دەکەن , دەرئەنجام مەرجە نەک مەبەست..!! ئەوەی سەددام کردی لەئەنفالەکاندا و ئەوەی هیتلەر کردی لەگەڵ جولەکەکاندا چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو گۆمەخوێناویەی ئیسلامییەکان لەشارەزوور ڕشتیان و چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ بیرکردنەوەی حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی سەردەمی خەلافەتی ئەمەوی کەژمارەی ئەوانەی لەزیندانەکانی ئەم ناوبراوەدا مردوون بەدەیان هەزار لەپیاوو ژن و منداڵ مەزەندە کراوە..؟؟ ئەنجام کوشتن و دەربەدەرکردنی ئینسانەکان بووە..!! ئیسلامییەکان قسەیەکیان هەیەو وەک بڵێی هەنگوینیان لەداردا دۆزیبێتەوە هەمیشە دەیڵێنەوە و دەڵێنەوە کە ئیسلام هەزارو ئەوەندە ساڵە هەیە و کەس نەیتوانییوە بچوکترین رەخنەی تێدا بدۆزێتەوە , ئەم گوتەیە زۆرێک لەمێشکی کاڵفامەکانی پوچ و دۆگما کردووە , لەکاتێکدا گەر بەناو بەرهەمەکاندا بگەڕێین نەک دەیان و سەدان بەڵکو هەزاران رەخنە هەیە , وەک چۆن تێکستە جوانەکانی ئایین نەگەیشتونەتە کۆمەڵگا هەروەها ئەم رەخنانەش نەگەیشتونەتە کۆمەڵگاو ناشگەن , لەگەڵ نوسینی کتێبێک یان نامیلکەیەک کوشتنێک یان تیرۆرێک روودەدات , لەگەڵ هەڵایسانی دەنگی نارەزایەتی رێکخراوێک بەناوی رۆژی لەدایکبوونی پێشەواو مەولونامەو رەمەزان و جەژنی قوربانەوە سەحوەیەک دروست دەکەن کەچەند مانگێک چالاکی

ڕێکخراوەکان لەکار بخات , ئێستا لە کوردستاندا لەگەڵ هاواری ژنێک دە شمشێر دروست دەکرێت , لەبری کڕینی تەنورەیەکی ژنانە سەدان حیجاب بێ بەرامبەر دابەش دەکرێت و تێزاب دەڕژێنن , خۆ ئەگەر گروپ دروست بوو تی ئێن تی دەتەقێتەوە , بەپێی ئەو بەڵگانەی لەلامە موجاهیدەکانی ئەن×اری سوننە پێشمەرگەیەک بەپەرەمێز دەسوتێنن , لەمێژووشدا مرۆڤیان لەمێخ داوە , کەوڵیان کردووە , کۆمەڵکوژیان کردووە , بەسەدان کەسیان پێکەوە سەربڕیوە , هەموو ئەمانەش لەبەرامبەر ڕەخنە بووە , کەسێک قسەی کردووەو زمانیان بڕیوە , شیعرێک نوسراوەو هەر چوار پەلی شاعیرەکەیان لەبن هەڵکێشاوە , فەتوا لەسەر فەتوا بۆ ڕەخنەگر ریز دەکەن و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەخنەکان نەگەنە شوێنی خۆی , ئیسلامییەکان لەیەک ناوچەدا دەیان مزگەوت و لەیەک شاردا سەدان مزگەتیان هەیە کەچی لەئاست یەک کتێبی مندا چاوئەبلەق بوون , بەو هەموو بەناو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و رادیۆو زانایانەوە پەنایان بردە شمشێر , ئەم کتێبەی من نموونەیەکی هەرە بچوکی ڕەخنەکانی سەردەمە بەرامبەر بەئیسلام , لۆژیکی سەردەم هەرگیز لەگەڵ بیرو ڕەفتاری هەزارو سەدان ساڵ ناگونجێ و بەردەوام ڕەخنەی نوێ دروست دەبێت , کۆنەپارێزەکانیش بەهەمان وەسیلەی مێژووی پڕ لەهەقیقەتی خۆیان ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە کە شمشێر وەشاندنە , ئەدی کامەیە ئەو ئاینەی کەدەڵێن موتەکاملە؟؟ گەر وایە بۆ وەڵامی کتێبەکەی منیان نەدایەوە؟؟

گۆران هەڵەبجەیی : گەر ئاگادار بیت لەلایەن دەزگای تیشکەوە بەناملیکەیەک وەڵامێکیان بڵاوکردۆتەوە , تۆ چی دەڵێیت؟؟

مەریوان هەڵەبجەیی : ئەو هەوڵە پەڕپوتە لەهەر شتێک بکات لە نوسین ناکات , یاخود لە وەڵامی ڕەخنە ناکات.! ئەوەی ئەو کتێبەی خوێندبێتەوە جگە لەدوو مەبەست هیچی دیکەی لێ تێناگات , مەبەستی یەکەم خوێنەر تێدەگات هەرچی رق و کینە و بوغز و تینی هێرشی خوێناوی هەیە لەدەروون و ئاوەزی نوسەرەکەیدا کۆبۆتەوە و گەر بەردەستی بکەوم لەعەبدولخالق خراپترم پێدەکات , مەبەستی دووهەمیش نوسەرەکەی ویستوویەتی لەڕێی وشە سازییەوە ڕەخنە لەهەموو کتێبەکە بگرێت..! ئەو دێت لەڕووداوێکی گەورەو دوورو درێژدا کەمن چەندین لاپەرەم بۆ نوسیوە و چەندین سەرچاوەم بۆ هێناوەتەوە یەک وشە یان دێڕێک دەدۆزێتەوەو دەیکاتە هەرا و هێرش دەکاتە سەر کەسایەتیم. ئەو ڕێکخراوەی ئەم پڕۆژەیەی لە ئامێز گرت دە کەس زیاترن و لە تەواوی کتێبەکەیاندا وەڵامی یەک ڕەخنەیان نەداومەتەوە..!! ئیسلامییەکان پاڵپشت بەیاساکانی بەعس دەڵێن (ئەوەی لەسەر پوچی پێکهاتبێت هەمووی پوچە , جا لەبەر ئەوەی ئەم وشەیە لێرەدا هەڵەیە کەواتە هەموو کتێبەکەی مەریوان هەڵەیە.) لەکاتێکدا ئەو وشەیەی ئەوان کردوویانە بەڕەخنە لەباسی سەرەکیدا نین و زیاتر پەیوەندییان بە شتی لاوەکییەوە هەیەو لەدەقەوە دوورەو ئەگەر بێت و ئەو وشەیە لەو بەشەی دەربهێنیت هیچ لەمەبەستەکە ناگۆڕێت.!! کەدەگەینە کۆتایی کتێبەکەیان گومان لەوەدا نامێنێتەوە کەلەلایەکەوە نەیانتوانیوە یەک لەسەر چواری کتێبەکەی من بەدرۆ بخەنەوە , لەلایەکی تریشەوە وەڵامی ئەو ڕەخنانەم نادەنەوە کەتێیدا بەڕوونی نوسیومن چ مەسەلەی سێکس بێت یان شەرعی ئیسلام بۆ ئافرەتان.!! ئیسلامییەکان دوورو نزیک نەیانتوانیوە لەسەر ناوەڕۆک و ڕەخنەکانم , کە دەقی ڕەسەنی خیتابی منن , شتێک بنوسن شایەنی خوێندنەوە بێت. جگە لە سوکایەتی بە کەسێتی من ئەلفیان نەخستە سەر بای ڕەوشتی توندوتیژییان. ئەمەیە ئیفلاسی فکری ئیسلامگەرا , ئەوان زیاتر لەچیرۆکەکاندا قسەیان هەیە و ئەوەی کتێبەکەی منیشی خوێندووەتەوە ئەو حەقیقەتەی بۆ دەردەکەوێت پاڵپشت بە دەقی ڕەسەن , بەشی هەرە زۆری نوسینەکانم خوێندنەوەی قورئان و ڕەخنەیە , یان هاتوون دوور لەو تەرجەمانەی کە خودی ئیسلامییەکان بۆ قورئان کردویانە خۆیان بۆ خۆیان تەرجەمەی دەکەن و هەموو ئەوانی دیکە بەهەڵە دەزانن , هەمووشمان دەزانین کەنوسەرەکەی (عومەر کەمال دەروێش) قەڵەمێکی بچووکی دنیای مەعریفەش نییە و دەزگاکەشیان لە دژی من دروست کردووەو

دەیانەوێت درێژەی پێبدەن , کەواتە کەس لە پانتایي مەعریفەو رەخنەدا نایاناسێت و متمانەیان پەیدا نەکردووە , ئەوەی ئەوان نوسیویانە هەموو عەسرێک و هەموو رۆژانێکی هەینی لەمزگەوتەکانەوە دەیلێن و دەیلێنەوە و هیچ شتێکی تازەی تێدا نییە , من جەرگبڕانە وەلآمی ئەو کتێبە دەدەمەوە بەلاّم کاتم دەوێت ,

پێشتر وتومەو وەک بەلگەش لەرێی راگەیاندنەکانەوە بلآوکراوەتەوە و نوسیومە , مەرج نییە کتێبەکەم هەر هەمووی راست و دروست بێت و لەهەلّە دوور بێت و کەموکوڕی تێدا نەبێت بەلکو تێیدایەو لەئێستادا من پێمنەزانیون , بەلآم ئەوەی جێی سەرنجی من بێت دوو خالّە یەکێکیان دەزگای تیشکە کەلەپشت ئەم پرۆژەیەوە وەستاوەو بەخۆیان نەزانیووە کەوتوونەتە چ هەلّەیەکی گەورەوە چونکە ئەو کتێبە سەلماندنی راستییەکانی لای منن , دووهەم خودی نوسەرەکانە تازە بەتازە فێری نوسین دەبن و نازانن چۆن وەلآمی من بدەنەوە , لە ئیفلاسی فکردیدا پەنایان بۆ سوکایەتی من بردووە , بە خۆیان نازانن ئەگەر هەرچی تاوانی دونیا هەیە کردبێتم بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە کتێبەکەمەوە نییە. لەگەلّ ئەوەشدا هەرچییەکیان کردبێت ئەوانیش وەک من نوسینیان نوسیوەو شمشێریان بەرز نەکردووەتەوە , لێرەدا خۆم بەبەختەوەر دەزانم بەهۆی منەوە فێری وەلآمی نوسین بوون نەک توندوتیژی.

کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کەئیسلامییەکان توانای دژایەتی کردنی چەمکە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەو کایە مەعریفییەکانیان نییە..!! چونکە لەناو دەقە پیرۆزەکانی ئیسلامیدا نە بنەمایەکی فەلسەفی و مەعریفی هەیە نە زانست.!! ئەوە راستە کە ئەوان بەردەوام دژایەتی دەکەن بەلآم لەسەر حسابی کەسایەتی نەک خوێندنەوەی فکری. هەر کات ئەو ئیسلامییانەی خۆیان بە نوسەر دەزانن چەمکی موقەددەسیان لە مێشکیاندا فڕێدایە دەرەوە ئەو کات هەموو لایەک سوودیان لێوەر دەگرێت. ئایا ئەوە راستە شتێک جێی رەخنە بێت بەلآم هەتا هەتایە نەتوانین رەخنە بگرین چونکە موقەددەسە.؟؟ لە راستیدا ئیسلامییەکان نایانەوآ لەبری دابونەرێتی خورافی کۆمەلّگایەکی مەدەنی و لەبری دەسەلآت و دەولّەتی تۆتالیتارییەت دەولّەتێکی عەلمانی دروست ببێت. لەمەوە لەهەر شوێنێک رەخنە هەبوو دەلّێن ئەوە رەخنە نییە بەلّکو سوکایەتییە. لەبەرامبەریشدا چاوکرانەوەیەک هەیە و لەپەرەسەندندایە , بۆ نموونە جیاوازییە کۆمەلآیەتییەکان پەیوەندی بەکایە شارستانییەکانەوە هەیە , جیاوازییە پەروەردەییەکان پەیوەندی بەکایە زانستییەکانەوە هەیە , جیاوازییە فکرییەکان بە ئازادییەوە , جیاوازییە سیاسییەکان بەفرەیي و یەکتر قبولّکردنەوە , جیهانگیری بەشۆڕشی تەکنەلۆجیاوە , ئابووری بەبازاڕی ئازادەوە..تاد

گۆران هەلّەبجەیي : پرسیارێکم هەیە دوو برگەیە , بڕێک لەرۆشنبیران و زۆرێکیش لەرەوتە ئیسلامییەکان دەلّێن ئامانجی مەریوان هەلّەبجەیي بۆ هەندەران بوو کەئەوەش هاتە دی , تۆ چ دەبێژیت؟؟ ئیسلامییەکان دەلّێن تۆ سوکایەتیت بەموقەدەساتی ئیسلام کردووە کەلەقورئان و فەرموودەدا خۆی دەبینێتەوە , ئەوەش بەلایانەوە هێلّی سوورەو نابێت تەجاوز بکرێت.!!؟

کێشەی سەرەکی هەلّلآی کتێبەکەم لەم بیرۆکەیەوە سەریهەلّداوە کە من سوکایەتیم بە ئیسلام کردووە , من نازانم زاراوەی سوکایەتی لەلای ئیسلام چی دەگەیەنێت.!؟ من لەکتێبەکەمدا وتوومە مارە بەجاش ئیهانەکردنێکی گەورەیە بەژن , ئەوان دەلّێن راست نییە و مارە بەجاش لەئیسلامدا نییە , من دەلّێم ئەوە ئایەتەو لەسورەتی البقره (230) نوسراوەو بەپێی ئەم ئایەتە ئەگەر هاتوو مێردێک سێ جار ژنەکەی تەلآق دا بۆی نییە بیگێڕێتەوە تا ئەم ژنەی لەگەلّ کەسێکی تر جووت نەبێت , جائەگەر ئەویش تەلآقی دا ئەوکاتە هیچ گوناهێکی تێدا نییە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر. من پەیوەندیم بەوەوە نییە

راڤەکاران چۆن تەفسیری ئەم ئایەتە دەکەن بەلآم رەخنە دەگرم و دەڵێم ئیسلام لەبری ئەوەی سزای پیاوەکە بدات چونکە پیاوەکە تەلآقەکەی خستووەو هەڵە لەلای پیاوە کەچی ئیهانەی ژن دەکات و حوکمەکەش ئەوەیە دەبێت ئەو ژنە لەگەڵ یەکێکی تر جووت ببێت , رەخنە دەگرم و دەڵێم ئەم ناهەقییە بەرامبەر بەژن بۆ؟؟ بۆ لەبەرامبەر سزای پیاو کەرامەتی ژن دەشکێنن..؟؟ ئایا ئەم رەخنەیە سوکایەتییە یان حەقیقەتە؟؟ لەشفرۆشی بەلەشی کەنیزەکەوە دەکەن و ئەم نهێنییەم بەئایەت ئاشکرا کرد ئەمە سوکایەتییە یان حەقیقەتە؟؟ سەلماندوومە ئیسلام نەیزانیوە دیاردەی نێرەمووکی چییە , ئەمە سوکایەتییە یان حەقیقەتە..؟؟ یەکە یەکە شێوەی دەستکەوتنی ژنانی پەیامبەرم باس کردووە و وەک مرۆڤێک لەو پێشەوایە دوواوم و ئەمەش بەئایەت رێگەپێدراوە , ئەمە سوکایەتییە یان حەقیقەتە..؟؟ باسی زیناو نێربازی و لەشفرۆشی و ئیغتیساب لەئیسلامدا دەکەم و هەموویم بەئایەت و فەرموودەی سەحیح سەلماندووە , ئەمە سوکایەتییە یان حەقیقەتە..؟؟ کاتێک سوکایەتی دەکەم کەبوختان بکەم , ئەوە سوکایەتییە بەبێ ئایەت یان بەبێ فەرموودە باسی روداوێکم کردبێت , یاخود لە خۆمەوە رووداوێکی مێژوویم دروست کردبێت , ئەوەی لەلای ئەوان قورس بوو ناوهێنانی کۆمەڵێک وشە بوو کەدەبوو بەشێوەیەکی دیکە بمنوسیبایە , بۆ نموونە ناوی عەورەتەکانم وەک خۆی نەهێنابایە , ئەمەش پەیوەندی نییە بەئیسلامەوە بەڵکو پەیوەندی بەشێوەی نوسینی منەوە هەیە و منیش ئازادام چۆن دەنووسم , وەک چۆن ئیسلامییەکان ئازادن لەوەی چۆن ئیهانەی ژنان دەکەن , وەک چۆن بەئازادی خۆیان دەتەقێننەوە و چۆنیان بوێت ئاوا مرۆڤ سەردەبڕن , وەک چۆن ئازادانە هاتوون شەرەفی پیاوەکانیان لەنێوان ڕانی ئافرەتەکانیاندا دەبیننەوە , وەک چۆن ئازادن لەوەی بەناوی شەرەف و حیجابەوە ژنان بخەنە ناو تورەکەوە , منیش ئازادم لەوەی وشە چۆن دەنوسم و هیچ کاتێکیش ئامادەنیم بەدڵی ئیسلامییەکان بنوسم هەرگیزیش بە دڵی ئەوان نانوسم..!! بە دڵی ئەوانە نانوسم کەپێیان وایە بەنوسینی رۆژنامە بوونەتە نوسەری چاک و بابەتی باش لەخراپ جیادەکەنەوە , ئەو کۆلکە نوسەرو ئیسلامییانە باباش تێبگەن لەوەی کتێبەکەم لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە هەڵسەنگێردراوەو لەڤێستیڤاڵێکدا ساڵی 2005 وەک بابەت و وەک لێکۆڵینەوەی زانستیش خەلآتی دووهەمی لەسەر ئاستی کوردستان پێبەخشراوە..!! ئەوانەی وەک ئیسلامییەکان بیردەکەنەوەو نوسینەکە بەبازاڕی و سوکایەتی دەدەن لەقەڵەم بابچن گوێبیستی قرخەقرخی ئەو ژنە بن کەچەقۆ لەملی دەسون و سەری دەبڕن ئەو کات بێن و فێرم کەن نوسین چۆن دەنوسرێت..!! ئەو کتێبەی من سوکایەتییە یاخود سەربڕین..؟؟ یان تەقینەوە..؟؟ یان دیکتاتۆری..؟؟ یان سەپاندنی خورافە..؟؟ لەلای من چ فەرەنسا کەناهێڵێت لەزانکۆکاندا کچان سەرپۆش ببەستن چ ئیسلامییەکان کەبەزۆر حیجاب بەسەریاندا دەسەپێنن هەردوولا سوکایەتی بە ئافرەتان دەکەن و ئازادییەکانیان پێشێل دەکەن. لەکوێی کتێبەکەمدا باسم لەپەلوپۆ برین کردووە تاتۆمەتی سوکایەتییەکەیان سەربگرێت؟ ئیسلامییەکان ناتوانن یەک رەفتاری من لەسەر سوکایەتی بدۆزنەوە بەلآم من دەتوانم بەهەزاران سوکایەتییەکان دەستنیشان بکەم و دەیان ئایەت بۆ سوکایەتی دیاری بکەم.

گۆران هەڵەبجەیی : لە نوسینەکاندا زۆر دڵگەرمیت , بۆ..؟؟

مەریوان هەڵەبجەیی : چونکە کۆمەڵگایەکی پڕ لەچەوساندنەوەی ئایینیم بینی , لەرۆژنامەکانەوە رۆژانە هەواڵی کوشتن و تیرۆرکردن و سەربڕینی ژنان و ئازادیخوازانم دەخوێندەوە , هێزی شەڕم لەدژی دیموکراتي بینی بۆیە ئەم کتێبەم نووسی. هەرچییەکیشم کردبێت وشەم نوسیوە و شمشێرم لەکەس بەرز نەکردووەتەوە.. ئەوان ساڵآنێکە لەبەردەم رەخنەدا پاساوی سوکایەتیکردن بەئیسلام بەرز دەکەنەوە تاکۆمەڵێک ساویلکە لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە و خوێنی نوسەرەکانی پێ حەلآڵ بکەن. ئەوان لەرەخنە باکیان نەبوایە توندو تیژییان بەکار نەدەهێنا , دڵنیام لەوەی ئەگەر رەخنەکانم حەقیقەتیان نەبوایە

هەر زۆر زوو وە زۆر بەئاسانی دەیانتوانی ئاستی کتێبەکە سفر بکەنەوە , ئەوان بەهەڵەدا کەوتن , لەجیاتی ئەوەی بەهای کەم بکەنەوە گەورەیان کرد , لەجیاتی ئەوەی لەبیر خەڵکی ببەنەوە کارێکیان کرد هەموو کەس پێی بزانێت. بەپێی ئەو ئامارەی لەبەردەستدا هەیە لە نێوان مانگی دوو تا مانگی حەوتی 2006 زیاد لەسەد هەزار کەس کتێبەکەی خوێنووەتەوە , بەم پێیەش خودی ئیسلامییەکان گەورەترین راگەیاندنیان بۆ کتێبەکە کردووە. بۆ مەسەلەی ئەوەی گوایە بۆ هەندەران ئەو کتێبەم نوسیوە کاتێک بۆچوونی ئەوان سەردەگرێت  کە چیتر نەنوسم , دەبێ لەمەشدا یەکەم کەس بم ئەو بۆچوونەیان لەراستی خاڵی بکەمەوە و بیسەلمێنم کاری من بۆ هەندەران نەبووە بەڵکو رەخنەکان جددین و وە سەلماندوشمە و هەر لەم ساڵەدا و لە مانگی هەشتدا بەرهەمێکی نوێم بلآوکردەوە کە کتێبێکە چوارسەدو نەوەد لاپەڕەیە. (خوێندنەوەیەکی رەخنە گرانە بۆ ئیسلام , نوسینی دکتۆر  کامل النجار. وەرگێڕانی برای بچوکتان) ئەو کاتەی ئەم کتێبەم خستە کتێبخانەکانەوە لە هەندەران بووم.

حەقیقەتێک هەیە لەلای کەسانی هوشیار شاراوە نییە , لەزانست و لۆژیکدا هێڵی سوور نییە..!! بوونی هێڵی سوور لەئیسلامدا واتە ئیفلاسی فکری لەبەردەم رەخنەو پرسیاردا..!! گەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەکانی پێشوو , واتە ئەو کاتانەی کەماوەیەک پتر لە سەد ساڵ بەسەر دەسەلآت و بەسەر کلتوري ئیسلامدا تێپەڕ بووە , دەبینین لەهەموو کاتەکاندا بەرهەڵستکارێکی زۆر بەرەورووی ئەم ئایینە بۆتەوە , ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەئیسلام نەیتوانیوەو ناتوانێت وەلآمدەرەوەی هەموو پرسیارەکانی سەردەمی نوێ بێت. ناتوانێت وەلآمدەرەوەی رەخنەکان بێت.! گەر لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنییەتی دروستبوونی مەزهەبەکان بکەین دەبینین ئیسلامییەکان شانازییەکی گەورە بە هەبوونی مەزهەبەوە دەکەن لەکاتێکدا مەزهەب بۆ وەلآمدانەوەی پرسیارو رەخنەی رەخنەگرانی مرۆڤەکان دروست بوو. هەر لەدوای مردنی پەیامبەری ئیسلام کە کەمترە لە سەدو پەنجا ساڵا دیاردەی مەزهەب دەردەکەوێت , مەزهەب دوو ئەرکی سەرەکی لەئەستۆ دەگرێت , لە لایەکەوە وەلآمدەرەوەی ئەو پرسیار و رەخنانەیە کەلەلایەن چینوتوێژەکانەوە سەرهەڵدەدات , پرسیارێک کەکاتی خۆی لەسەردەمی پەیامبەردا نەبووەو بەهۆی گۆرانکارییە ساسی و ئابووری و فەرهەنگی و لۆژیکی و گۆڕانکارییە کۆمەلآیەتییەکانەوە سەریهەڵداوەو لەهیچ گۆشەیەکی سەرچاوەکانی پێشتری ئیسلامدا وەلآمی نییە و نابێت , نە لە قورئانداو نە لە فەرمودەدا , لە لایەکی ترەوە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی پێ دەپارێزرێت کەلەو شوێنەدا دانەری مەزهەبەکە سەریهەڵداوە. ئەوەی جێی سەرنج بێت ئەوەیە ئەم مەزهەبانەش لە ناو خۆیاندا یەکتریان تەکفیرو تاوانبار کردووە. لێرەدا با بروانینە مێژوو بزانین ئیسلام و لەم مێژوەیدا چەند رووداوی سەرنج راکێشیان لە و بارەیەوە تۆمار کردووە , کەقابیلی ئەوە نین لەبیر بچنەوە , بۆ نموونە:

ناکۆکی نێوان شافعی و حەنەفیەکان لەووڵاتی شام ئەوەندە گەورە بووە گەیشتۆتە ڕادەیەک شافعییەکان بچنەلای موفتی وڵات و داوا بکەن کەمزگەوتی گەورەی شارییان بۆ بکات بەدوو بەشەوە , چونکە بەشێوەیەک حەنەفی دەبینن کەلەئەهلی زمە بن , واتە موسڵمان نەبن. یان ململانێی شافعییەکان و حەنەفیەکان گەیشتە ڕادەیەک چەند مزگەوتێکی یەکتر بسوتێنن. یاخود چەند جارێک کێشە و توندڕەوی وای لەلایەنگرانی ئەم دوو مەزهەبە کردووە لەهەر شوێنێک یەکتریان دیبێت پەلاماری یەکتریان داوە و شوێنکاری یەکدیان ڕووخاندووە و ماڵوموڵکی یەکتریان بەتاڵاَن بردووە و بازاڕ و خوێدنگەی یەکتریان تێک ومەکان داوە. حەنبەلییەکان فتوایان داوە هەر کەس حەنبەلی نەبێت موسڵمان نییە. (ابو بکر المقری) کەشافعي مەزهەب بووە , هەموو حەنبەلییەکانی بەکافر زانیوە. قازی دیمەشق کەحەنەفی بووە , گوتویەتی: ئەگەر بەدەستم بوایە سەرانە (جزیە)م لەشافعییەکان دەسەند. زانای بەناوبانگی شافعی (المقفر الگوسی) گوتویەتی: ئەگەر دەسەلآتم هەبوایە سەرانە (جزیە)م لەحەنەفی وەردەگرت. زۆر نموونەی دیکەش هەن کەلێرەدا و لە چاوپێکەوتنێکی ئەوها کورتدا ناکرێت هەموویان باس بکەین.

کۆمەڵگا ئاوێنەی واقیع و ڕابردووەکانە. گەر دەوروبەر و بارودۆخ و ژینگە و هۆکارەکانی گۆڕان لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی ئامرازێکی ئامادەکراوی ئامانج و ڕەهەندەکانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن نەبن , مەحاڵە کۆمەڵگا لەژێر تاریکی و پریشکی واقیعە تاڵەکانی ڕابردوودا بتوانێت سنوور بشکێنێت و لەیاساو دەستووره کۆنەکاندا دەرباز ببێت. لەبەر ئەم هۆیە هەمیشە پرسیار دێتە گۆڕێ و لەئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە سروشتییەشدا ئیسلام بەرگەی قەتیس نەکردنی حوکمەکانی ناگرێ و دەبێ گۆڕانکاری رووبدات بۆیە دەبینین مەزهەبی حەنەفی لەعێراق ساڵی (150)ی کۆچی بەدواوە ناسراو لەلایەن دەوڵەتی عەباسییەوە وەک مەزهەبێکی ڕەسمی لەئامێز گیرا. مەزهەبی مالکی لەشاری مەدینە لەساڵی (179)ی کۆچی بەدوواوە لەدایک بوو بەهۆی والی مەدینەوە پەرەی پێدرا. مەزهەبی شافعی لەعێراق لەساڵەکانی (195)ی کۆچی بەدوواوە گەورە بوو , پاشتر بەهۆی والییەکانی شام و میسرەوە جێگیر بوو. مەزهەبی حەنبەلی لەدوای ساڵانی (241)ی کۆچییەوە لەحیجاز بەرەو عێراق و شام هەنگاوی نا.. لێرەدا هەردوولا , دەقی قەتیسماوی ئایین و پرسیارو خواستەکانی کۆمەڵگا لەمەساری مێژوو لایانداوە و هەردوولا کاریگەرییان بەسەر شارستانیەتی مێژووەوە لەناوچەکاندا هەبووە , بەوەی لایەنێکیان – ئایینی ئیسلام – وەک هەر بڵاوکراوەیەکی ئایینی کۆنپارێز سەپێنراوەو لایەکەی دیکەشیان ئیسلامبوونی کۆمەڵگا. هەروەها کلتوور و شارستانیەتی نیمچە دوورگەی عەرەبیش کەبەشێکە لەکلتوور و شارستانیەتی ئایینەکە و ئێستاشی لەگەڵ بێت وەک نەریتێکی زیندوو خۆی پارێزگاری لێدەکات , هۆکاری سەرەکی نەگۆڕانی هەمیشەیین.

لەدوای مەزهەب چۆڵکردن و بەجێهێشتنی کۆمەڵگا پێشکەوتوخوازەکانە , هەر ناوچەیەک شارستانییەتی پێشکەوتوو بێت یاخود هەر کۆمەڵگایەک پێشکەتوخواز بوبێت ئیسلام نەیتوانیوە لەوێ درێژە بەبەرنامەی بدات و ئەو ناوچەو کۆمەڵگایەی جێهێشتووە , بە مانایەکی تر پەراوێزکراوە و ئەویش بەناچاری رووی لەناوچەو کۆمەڵگا دوواکەوتووەکان کردووە. هەر لەبەر ئەمەشە کەدەوترێن زانست و زانیاری و شارستانییەت و کۆمەڵگای مەدەنییەت و حوکمی دیموکراتی و یاسای وەزعی زەمینەی بەرقەرارکردنی ئازادییەکانی ئینسانن. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا و بارودۆخی فەرهەنگی و یاسایی هەمیشە بەرەو پێش دەچێت بۆ بەرگرتن لەمە تاکە رێگەیەک لەلای ئیسلامییەکان بەگژاچوونەوەی پێشکەوتنەکان و زانست و زانیاری و ئازادییە سەرەتاییەکانی ئینسانە , تا شمشێر هەبێت دەیوەشێنێ و کەشمشێری نەما مزگەوت , کەمزگەوت نەما قسەلۆک , وەک ئەوەی بەرەخنەگرێک دەڵێن سوکایەتی کردووە و زۆر جاریش هێرش دەکەنە سەر کەسایەتییەکەی , وەک ئەوەی لەمزگەوتەکاندا ناوی خێزان و بنەماڵەیان بردم. وەک بۆم پێشنیارکردن گەر ئەوان بیانتوانیبایە یەک لەسەر چواری کتێبەکەمیان بەبەڵگەوە بەدرۆ بخستایەتەوە ئەو کاتە لەلایەکەوە دەیانسەلماند کەسوکایەتیم کردووە و لەلایەکی ترەوە شەڕەکەیان دەبردەوە نەک بەپێچەوانەوە بۆ هەموو لایەکیان سەلماند کەلەبەرامبەر پرسیارو رەخنەی سەردەمدا هیچیان پآ نییە , هیچ..!! سفرن , سفر..!! ڕەخنەکانم سوکایەتی نین بەڵکو نیشاندانی ئازارەکانی ژنانە..!! لە کتێبەکەمدا ئەوە بەئایینی ئیسلام دەڵێم کە ژنان لەکۆمەڵگای ئێمەی ئایینیدا خوازیاری ئەوەن گورکێکی ئەو کێوانە بوونایەو ژن نەبونایە , ئافرەت هەبووە پێی وتووم (حەزمەدکرد بەرازێکی وڵآتە دیموکراتییەکان بم و لەکۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا ئینسان نەبم) لەکۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا گەورەترین چەوساندنەوەی مرۆڤایەتی ئەوەیە کەدەرهەق بەژن دەکرێت , لەبەرامبەر ئەمەشدا زۆرترین پرسارو گەورەترین رەخنە لەم ڕەهەندەوە سەرچاوە دەگرێ , کتێبەکەی منیش یەکێکە لەو پرسیارو رەخنانە و هی تریش بەڕێوەیە و وەڵامی ئیسلامییەکانیش ئەوەیە گوایە سوکایەتیم کردووە یان بۆ هەندەران ئەم کارەم کردووە , لەراستیدا بەزەییم بەو کەسانەدا دێتەوە کەبەو شێوەیە بیردەکەنەوە. پێچەوانەکەی راستەو ڕووداوەکانیش ئەوەیان سەلماند کەئیسلامییەکان توشی ڤایرۆسی زانستی هاوچەرخ و ئیفلاسی فکری بوون.

گۆران هەڵەبجەیی : بەرای تۆ ئیسلامی سیاسی توندرەو ئامادەیە بۆ دیالۆگ گەر زەمینەی گونجاوی بۆ خۆش بکرێت؟؟

مەریوان هەڵەبجەیی : لەو کاتەوە فەرهەنگی (ئیسلامی سیاسی) بەربلآوی بەخۆوە بینی کەلەنێو دوو زل هێزدا یەک دانەی ماوەتەوە , دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت وەک هێزێکی سیاسی و عەسکەری و جیۆپۆلۆتیکی هەرەسی هێنا ئەمریکا بووە تاکە زلهێزو بوو بەسەرداری دونیاو ئێستا نابینین کەس باسی میللەتە ژێردەستەکان بکات، ئەمڕۆ هێزە بانکییەکانی جیهانگیری لەهەموو کەس و شوێنێک زیاتر لەدەستی دەسەلآتەکانی ڕۆژئاوایەو لێرەدا ئیسلام لەبەردەم بەعەولەمەکردنی جیهاندا خۆی قوت دەکاتەوەو وەک هێزی دووهەمی کلاسیکی و مەکروە خۆی نیشان دەدات و داوە , ئەگەرچی ئەمریکا سیاسەتی لەناوچونی ئیسلامی وەک دین نییە بەلآم ئیسلامییەکان توانیویانە ئەمریکا وەک دوژمنی یەکەم بەجیهان بناسێنن , لەبەرامبەر ئەمەشدا ئەمریکا توانی ململانێکە بگوازێتەوە بۆ ناو خودی ئیسلامییەکان , بۆ نموونە شەڕی ئیسلامییەکان تەنها لەو ناوچانەدایە کەئیسلامی تێدایە , گەرچی هەڵگری بەیداخێکی ڕەش لەلایەن ئیسلامییەکانەوە وای کرد لەناوەوەدا هەڵگەرانەوە دروست ببێت بەلآم سیاسەتی ئەمریکا درێژەی پێداوەو بەردەوام لەیارمەتی و داکۆکیدایە , بۆ نموونە قسەکردن لەسەر مەسەلەی ئازادییەکانی ژن لەڕەهەندی بیرکردنەوەی ئەمریکادا نەبووە , بەڵکو هەلآیسانی ئەم بەربەرەکانێیەو ئەو ڕووبەڕووبونەوە سەختەی کەئێستا توێژی ژنان بەرامبەر بەئیسلام هەیانە داهێنانێکی ئەمریکی نەبوو بەڵکو هوشیاری کۆمەڵگا و داهێنانێکی کۆمۆنیستیە و کۆمۆنیستەکان لەم مەسەلەیەدا لەپێشە پێشەوەن , وای لێهاتووە هەموو بەرنامەکانی چەپ لەلایەک و مەسەلەی ژنان لای ئەوان لەلایەکی تر , ئەمەش پێودانگی خۆی هەیە بەو مانایەی ئازادی ژن دەکاتە ئازادە بەشەرییەت , دەوری ئەمریکاش پەرەپێدانەی سیاسەتەکەی خۆیەتی , لەلایەکەوە مەبەستێکی دیموکراتییە و لەلایەکی ترەوە مەشغوڵکردنی هێزە ئیسلامییەکانە بەناتەواوییەکانی خۆیەوە , لەڕاستیشدا ئەمریکا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆپەرستانە بەشوێن فراوانبوونی سیاسەتە جیهانیەکانی خۆیەوەیەتی و چەپەکانیش بەشوێن سۆشیالیستە لەدەستچووەکەی خۆیان و ئیسلامیش بەشوێن حەقیقەتی ونبوونی خۆی و کۆمەڵگاش بەرەو کرانەوە چوون , هەموو بەڵگەکان دەیسەلمێنن یەکەم ئایدۆلۆژیایەک بەرگری لەژن کردبێت کۆمۆنیستەکان بوون , هەر ئەوانیش زۆرترین باجیان دا , پێموایە زۆرترین ئەندام و لایەنگرانیشی لەژنانن , بەتایبەت ئەوانەی لەدەرەوەی ولآتن , مومکینیش نییە ئیسلام سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و هەر چەپەکان براوەن. ئەوەی لەم مەعمایەدا بۆ کۆمەڵگا دەمێنێتەوە ئەو پرۆژەیەیە کە ناونراوە مۆدێرنەو تا ئێستا موتەکامل نییە و لەجیهاندا هەمووی نەگەیشتووە بەپراکتیک و لەناوچەکانی ئێمەشدا کۆمەڵگاکامان ڕۆشنبیرییەکی بەرچاوی لەو بارەیەوە نییە. بەهەر لایەنێکیان بێت چ کۆمۆنیستەکان چ سیاسەتی ئەمریکا و چ خیتابی ئیسلامی و چ زانست و کلتورو پێگە کۆمەلآیەتییەکان , دابەشی دوو جۆر پانتایی یاساکان بوون , یاسای ئاسمانی و یاسای وەزعی , بەواتایەکی دی یاسای میتافیزیکی لەگەڵ یاسای زەمەنی و زەوی و دەستکردی مرۆڤایەتی , خیتابی ئایینی لەلایەکەوەو خیتابە ئایدۆلۆژی و مەعریفییەکان لەلایەکی دی , ئیستا ململانێیەکی گەورە لەنێوان یاسا بۆماوەیی و کۆنپارێزەکان و یاسا مۆدرێنەکاندا هەیە , یاسا زەمەنییەکان قابیلی گۆڕانن و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی کۆمەڵگاو سیاسەتی جیۆپۆلەتیک و مەسەلەی چینایەتی و ئابووری و زانست کاریگەری بەسەر داڕشتنی یاساکانەوە هەیە و هەموو کات قابیلی ئەوەیە دەستکاری یاساکانی بکرێت , ئەم یاسایانە دامەزراوەیەک دەینوسێتەوە لەئەقڵی سەردەم پێکهاتوون و لەگەڵ زانست و زانیارییەکاندا هەمیشە لەئاڵوگۆڕدان , بەلآم یاسا ئاسمانییەکان قابیلی گۆران نین و ئەو حوکمانەی کەسەدان ساڵە هاتوونەتە ئاراوە قەتیس نەماون و دەبێت تا ئەبەد وەک خۆی و بێکەموکوڕی جێبەجێ بکرێت..!! لێرەدا تاکی ئیماندار جا چ سیاسی بێت یان..نا ئامادەی گفتوگۆیەک نییە کەقسە لەسەر یاسا ئیلاهییەکان بکات و هیچ کاتێک ئامادە نییە دەقی ئاسمانی لەگەڵ دەقی زەمەنی بەراورد بکات. هەر کاتێکیش بەسەریدا سەپا شەڕ دەکات , یاخود گەر یاسا ئیلاهییەکان جێبەجێ نەکران جارێکی دی شەڕ دەکاتەوە.

گۆران هەڵەبجەیی : ئەوەت لەبیر نەچێت هەندێک ئیسلامی باس لەدیموکراتییەتی ئایین دەکەن..!!

مەریوان هەڵەبجەیی : ئەو کەسانە نە شارەزای مێژووی ئایینن نە شارەزای دەقەکانی ئیسلامن..! رەنگە فازل قەرەداخی راستگۆترین نوسەری ئیسلامی بێت بۆ ئەم مەبەستە، چونکە بۆ رەتکردنەوەی دیموکراسی کتێبێکی هەیە.! بۆچوونەکانیشی وەک گوتاری ئدسلامی بە راستیان دەزانم چونکە ئەو رۆشنبیرو سیاسییە ئیسلامییەی باس لەگفتوگۆی جوان و دیموکراتی و یەکسانی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان و ئاسودەیی دەکات و ئایەتت بۆ دەهێنێت من سێ ئەوەندە ئایەتی قورئانی بۆ دەهێنم کەپێچەوانەکەی ڕاستە. ئەو حاڵەتەی ئێستا لەنێوان ئیسلامییەکان و عەلمانییەکاندا دەبینرێت دیاردەیەکی کاتییە و تا سەر نییە , لەراستیدا دەبێت خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ دیموکراتییەت لەناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا بکەینەوە , چونکە پێگەی دیموکراتی بەو وێنەیەی کە هەیە بۆ ئێستای ئیسلامییەکان ناجۆرەو سوودی لێوەردەگرن , بەو مانایەی ئەم چەمکە لەلاوازی ئیسلامییەکاندا قابیلی قبوڵە و لەدەسەلآتی ئیسلامییەکاندا دەخرێتە ژێر حوکمی ئایەتەکانەوەو بەیەک فەرمووده حەرام دەکرێت. گەر زەمینەی گونجاو بۆ ئیسلامگەراکان هاتە پێش بەهیچ شێوەیەک ئامادەی گفتوگۆ نابن چونکە بەپێی دەق ئەو کەسانە پێی کافر دەبن.

گۆران هەڵەبجەیی : گەر مەلا کرێکار داوای روبەروبوونەوەت لێبکات بۆ نموونە لەسەر پاڵتالک لەئینتەرنێتدا یاخود لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن تۆ ئامادەی ئەوەیت؟؟

نەک هەر ئەو بەڵکو لەگەڵ هەموو کەسێکدا ئامادەم بەلآم بە مەرجێک ئەو کەسە لەناو روقعەی فکری ئیسلامیدا ناو بێت. ئامادەم و مەرجم هەیە , دەبآ ئەو رووبورووبونەوەیە بەئاشکراو لەبەرچاوی خەڵکانێکی زۆر بێت , بۆ نموونە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن یاخود لەهۆڵێکی گەورەدا , دەشبێ بەکامێرایەکی ڤیدیۆیی وێنەی بگیرێ و بلآوبکرێتەوە. نەک من بەڵکو هەر کەس شارەزایی لەدەق و مێژووی ئیسلام هەبێت ئەو ئامادەییەی تێدایە. بۆ مەسەلەی پاڵتالکیش لەسەر ئنتەرنێت چەند جارێک مەلا کرێکار بۆ ژووری (chapy sarbaxo) بانگهێشت کراوەو نەیویستووە ئامادەبێت. تەنانەت لە ژووری ئیسلامییەکانیشدا فتوای ئەوە دراوە هەر کەس بچێتە ئەو ژوورەوە کافرە..!! ئیسلامییەکان زەندەقیان لە ژووری چەپی سەربەخۆ چووە لەکاتێکدا هەموو کورد تەنها ئەو ژوورەی هەیە بەراشکاوانەو بە ئازادانە قسە لەسەر ئایینی ئیسلام بکات.

بەلآم روونکردنەوەیەکم هەیە ئەویش ئەوەیە من تێناگەم بۆچی راگەیاندنی کوردی مەسەلەی مەلا کرێکاری بەو شێوەیە گەورە کردووە.!! ئایا راگەیاندنەکان بیر لەوە ناکەنەوە ئەم هەوڵەیان دروستکردنی یاخود ئامادەکردنی دەروونی تاکە بۆ خوورپەوشتی مەلا کرێکارییانە لەئاوەزیدا!؟؟ بۆ چاوپێکەتن و رێپۆرتاژ لەسەر کەسایەتی دڵسۆز و ژیاندۆستەکان ناکەن تا هانی خەڵکی بدەن بۆ ژیان نەک بۆ مردن لەپێناوی خورافەدا!؟؟ بۆ مەلا کرێکار بەو شێوەیە گرنگی پێ دەردرێت!؟؟ گەر مەسەلەکە خوێنرێژییە بەس نەبوو؟؟ چ جیاوازییەک هەیە لەنێوان مەلا کرێکارو ئەو مەلایانەی لەمزگەوتەکانی کوردستاندا چیرۆکی پڕ لەئەفسانە بلآودەکاتەوەو مێشکی جەماوەر تێک دەدات؟ چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو فەقێیەی بڕوای بەخورافە هەیە!؟ مەلا بەشیر چی لەمەلا کرێکار کەمترە؟؟ ئایا لەئەنجامدا هەردوولا بۆ یەک مەبەست و ئامانج کە کوشتن و برینە یەک ناگرنەوە؟؟ ئایا هەردوولا لەسەر کۆنەپەرستی یەک ناگرنەوە!؟ ئایا هەر ئەو مەلا پەراوێزانە نین دەیانی وەک مەلا کرێکاریان دروستکرد!؟ رەنگە وەجهی مەلا کرێکار باشتر بێت بەوەی ئەو راستەوخۆ باس لەکوشتنی جەستە

دەکات , بەلآم ئەو مەلایانەی کەئێمە پشتگوێمان خستوون ئەقڵ دەکوژن..! بیرکردنەوە دەکوژن..! توانا سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەکوژن..! مەلا کرێکار بەگەورەیی دەیان کوژێت بەلآم مەلا پەراوێزکراوەکان هەر لەمندالّییەوە ئینسان دەکوژن.

با بەراوردێک بکەین , مەلا کرێکار ئێستا ناسراوەو لەولآتێکی وەک نەرویج پەنا دراوەو ئەو هەڕەشە گەورەیەی نییە کەلێی ترساوین , بەڵکو بووەتە مایەی گاڵتەی کاریکاتۆریستەکانی نەرویج و تانەو تەشەری لێدەدەن و سەروکەللەی مەلا کرێکاریان کردووە بەسەروکەللەی بوتڵە غازێک کە لەئان وساتێکدا بتەقێتەوە , چواردەوری تەنراوەو لەژێر بەزەیی یاساکانی سەدەقەی نەرویج دەژی کەنە ئەوو نە ئایینەکەی هیچ پشکێکیان لەو سەدەقەیەدا نەبووەو بەحەرامیشی دادەنێن و مەلا سەری بۆ ئەم سەدەقەیە کز کردووەو پێی دەژی , هەر کات عێراق گفتی ئەوە بە ولآتی نەرویج بدات لەبەرامبەر تاوانەکانی لەسێدارە نادرێت یەکسەر تەسلیم بەعێراقی دەکەنەوە و ئەوکات دەکەوێتە بەر بەزەیی یاسای ئەو کۆمەڵگایەی کەپێشتر مەلا کرێکار داوای قەلوعامی ژنان و رەخنەگرانی کردوون , بەراوردی بکەین لەگەڵ مەلا پەراوێزەکانی دیکەی کوردستان کەهیچ بەربەستێک نییە بۆ راگەیاندنی خوتبەکانیان و پڕ پڕە لەسوکایەتی بەفەرهەنگی مرۆڤایەتی و پڕ پڕە لەکەرامەتشکاندنی ژن و پڕ پڕە لەخورافە و کەسیش ناتوانێت رێگەیان لێبگرێت و ئازادانە دەچنە هەموو شوێنێک و چییان بوێت بۆیان دەکرێت , ئەمانەش دروستکردنی هەزاران مەلا کرێکاری لێدەبێتەوەو نەک هەر رەخنەگران بەڵکو قەتلوعامی هەموو کۆمەڵگا دەکەن , ئایا کامیان ترسناکترن..؟؟ بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و مومارەسەکردنی دەسەلآتی دیموکراتی و بینینی رەهەندەکانی ئازادی و دروستکردنی تواناکانی تاک و بلآوکردنەوەی زانست لە ئێستادا کامیان ترسناکترن مەلا کرێکار یان مەلا بەشیرەکان؟؟ بۆ ئاوها مەلا کرێکار لەزهنی راگەیاندندا دەرناچێت.!؟ تۆ بڵێی چەند مەلا کرێکارو چەند شێخ زانای دیکە لەکوردستاندا خۆیان مەلآس داوە.!؟ لێرەدا جێی خۆیەتی گلەییەک لەدامودەزگاکانی ئاسایش بکەم بەوەی هەموو ئەو ئەقلأ کوژانەی پشتگوآ خستووەو تەعامول لەگەڵ روکارو رەفتاری دەرەکیدا دەکاو هەتا رووداوێک روونەدات لێیان ناکۆڵێتەوە..هەموو کەس کارمەندەکانی ئاسایش دەناسن و ئەمینەکانی لەتوانایاندا نییە خۆیان لەچاوی خەڵکی بشارنەوە , گەر بڕوانینە بەشی هەرە زۆری چالاکییەکانیان دەبینین پاڵپشت بەتاکەکانی ناو کۆمەڵگا توانیویانە تاوانەکان ئاشکرا بکەن و تاوانباران بناسنەوە و کارمەندانی ئاسایش پشکێکی ئەوتۆیان نییە بەو دەلیلەی تائێستا نەماندیوە پێش روودانی کارەساتێک زانیارییان گەلآڵە کردبێت و بەربەستیان لەروونەدانی دروست کردبێت. عەلی باپیر فتوای کوشتن دەردەکات و دەنگەکەی بەکاسێت بەتۆمارکراوی هەیە و لەراگەیاندنی کوردیشدا بەچەندین جۆری تر داوای توندوتیژی دەکات کەچی راگەیاندنەکان و دامودەزگاکانی دەوڵەت بێدەنگ بوون و ئاسایش وەک مافی گشتی لێی نەپرسیەوە. گەر وابڕوات هیچ گرنتییەک نییە لەئێستا چەندین مەلا کرێکارو چەندین شێخ زانا لەکوردستاندا نەبن.!!

گۆران هەڵەبجەیی : باسی  عەلی باپیرت کرد حەزدەکەم پرسیارێک دەربارەی..

مەریوان هەڵەبجەیی : تکام وایە بە هەموو جۆرێک لەو زاتە دوور بکەوەرەوە

گۆران هەڵەبجەیی : مەبەستم لە بەڵگەکانی فتواکەیەتی

مەریوان هەڵەبجەیی : تەنها ئەتوانم ئەوەندەت پێ بڵێم کە من هەر لەناو کوردستاندا بووم سێ بەڵگەم دەست کەوت , لە ئەورووپاش یەک بەڵگە.. یەکێکیان ڕۆژنامەیە , سیانیان کاسێتی دەنگە. یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی , سیانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵی ئیسلامی.

گۆران هەڵەبجەیی : مەبەستت لە ڕۆژنامەکە ئەوەیە کە بە ناوی زانا ڕۆستاییەوە لە (ئاسۆ)دا بلاَو کراوەتەوە.؟

مەریوان هەڵەبجەیی : ئەو بەڵگەیەم ئەژمار نەکردووە و پشتگوێم خستووە , بەڵگەی باشترم هەیەو لە کاتێکدا بلاَوی دەکەمەوە کە کەس چاوەڕێی نەکردبێت , شتی تریش کە حەز ناکەم باسیان بکەم. گرنگ ئەوەیە بەڵگەکان لەشوێنی چاکدا پارێزراون و لە چەند مانگی داهاتوودا کاری یاساییان بۆ دەکەم.

گۆران هەڵەبجەیی : لەسەروەختی کێشەکەی تۆدا کەسانێکی زۆر وەک تاک و وەک گروپ بەجۆرەها شێواز پشگیرییان کردیت , دەتوانی پێمان بڵێیت کێن ئەوانەی یارمەتیدەرت بوون؟؟

مەریوان هەڵەبجەیی : لەبەر ناسکی بارودۆخەکەم لەئێستادا ناتوانم ناویان بهێنم , وەک چەند کەسایەتییەک کەلەئێستادا ناوهێنانیان بەباش نازانم و لەکاتی خۆیدا بەوردی لەدووتوێی کتێبێکدا لەسەریان دەدوێم , بەلاَم پێویستە وەک سەرەتایەک ناوی ئەم بەرێزانە بهێنرێت و گەر مەدالیای ئاڵتونیم هەبوایە دەمکردنە گەردنیان , ڕێبوار عارف و زمناکۆ عەزیز , لیژنە بالآکانی ئەو کەمپینە بەرفراوانانەی کەلەئەورووپا بەڕێوەچوون , چ ئەوەی (کەمپینی رادیۆکەی هاوپشتی) بێت لەسوید یاخود (کەمپینی داکۆکیکردن لەدۆزی مەریوان هەڵەبجەیی) بێت لەئەورووپا کەبەڕێزتان و کاک پشکۆو حاجی ئەنوەر و چەند بەڕێزێکی دیکە پێی هەڵسان و بەزمانی کوردی و عەرەبی بەڕێوەتان برد و زۆرێک لەولآتانی جیهان بەشداري هەردوو کەمپینەکەیان کرد , هەروەها ڕێکخراوی (چاک)یش کەهەڵوێستی گەورەی دەنواند , یان ئەوەی هۆزان مەحمود کەلەبەریتانیا بەڕێوەچوو , بۆ ئەوانەی دیکەش کەبەشێوەی جۆراوجۆر پشتگیرییان کردووم نوسینێکی تایبەتم لەو بارەیەوە لەسەر سایتەکان بلاَوکردووەتەوە , هەروەها کەسوکارەکەی خۆشم. بەراستی ئەوە یەکەم جارە لەمێژووی فەرهەنگی کوردیدا پشتگیری لەنوسەران و ئازادی رادەربڕین بچێتە ئەو ئاستە گەورەیەوە و بەهەزاران نوسەرو ئازادیخوازی کوردی و عەرەبی و جیهانی , هەر لەڕۆژهەلآتی جیهانەوە تادەگاتە ڕۆژئاوا کۆبکاتەوە , هیوادارم بتوانم پارێزگاری لێبکەم.

جگە لەمە بەدحاڵیبونێکی زۆر گەورە هەیە گەر وابزانین لەکوردستاندا ئازادیخواز نییە یاخود حکومەتی هەرێمی کوردستان بەحوکمەتە بەعسییەکەی جاران بشوبهێنن..!! لەم کێشەیەی مندا حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەسایەتی دییاری ئازادی و دیموکراتیخواز مەبەستیان نەبووە من بگرن , ئەگەرچی جارجارەش لێرەو لەوێ پێیان دەوتم پۆلیس بەشوێنتدا دەگەڕێن , بەلآم دڵنیام گەر تیرۆرستێک بومایە یاخود یاساکانی کوردستان مەدەنی بونایەو پاڵپشی ئازادی رادەربڕینی بکردایەو مادە و بڕگەکانی پەیوەندی بەبەعس و ئیسلامەوە نەبوونایە و بسەلمێندرایە کەمن سوکایەتیم بەئینسانییەت کردووە زۆر زوو دەستگیردەکرام و کەسیش نەیدەتوانی بەرگریم لێبکات..! ئەم تێگەیشتنە زۆر گرنگەو حەز دەکەم ئیسلامییەکان باش لێی تێبگەن.

گۆران هەڵەبجەیی : گەر هەلت بۆ ڕەخسا دەگەڕێیتەوە بۆ کوردستان؟؟

مەریوان هەڵەبجەیی : پێشەکی زۆرم پێناخۆشە کەئێستا لەهەندەرانم و هەر کات بزانم یاساکانی بەعس و ئیسلامی خەتەری لەسەر ژیان و ئازادیم دروست ناکەن بێ هیچ دوودڵییەک دەگەڕێمەوە کوردستان , لێتان ناشارمەوە ئێستا بۆ کەلاوە رووخاوەکانی شارەکەم بیر لەگەرانەوە دەکەمەوە.

گۆران هەڵەبجەیی : دەربارەی دواهەمین کتێبت دەتەوێت چی بڵێیت , چونکە من پێموایە ئەم بەرهەمەت وەلآمێکی جەرگبڕ بوو بۆ ئەوانەی کەدەیانوت بۆ هەندەران کتێبەکەی پێشوترت نوسیوە..!!

مەریوان هەڵەبجەیی : ئەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم باسی ئەم کتێبەش لەساییتەکانی ئنتەرنێتدا کراوەو دەڵێن کتێبەکەی پێشووتری بۆ هەندەران بوو ئەم کتێبەشی بۆ جەوازی دبلۆماسییە , داوا دەکەم خوێنەر بڕوا بەقسەلۆکی ئیسلامییەکان نەکات. بۆ ئەم بەرهەمە تازەیەش کە لەمانگی هەشتی ئەمساڵدا بلآوکرایەوە وەک لەسەر پشتی بەرگەکە نوسیومە ئەگەرچی ئەم بەرهەمە زەحمەتێکی زۆری دام بەلآم پشوویەکی درێژخایەنی پێبەخشیم، لەگەرمەی ئەو حەملە پڕ لەتوندوتیژییەی ئیسلامییەکان لەدژی ئازادی رادەربڕین و بەرهەمەکەی پێشووم بەرپایان کردبوو، لەگەلأ ئەو ساتەوەختانەی لەشارەکانی کوردستاندا خۆپێشاندانیان کرد و شمشێریان بەرز کردبووەوە، جگە لەوەی بەنوسینێکی دیکەی پڕ لەجەرائەتەوە وەلآمیان بدەمەوە شتێکی ئەوتۆ بۆ من نەمابووەوە.. ئەوان بەتیرۆرکردنی عەبدولخالق مەعروف دەستیان پێکردبوو، بەم دواییەش ویستیان بەم کوشتن و تۆقێنەش کۆتایی پێبێنن، بەم بەرهەمەم سەلماندم بۆچوونەکەیان هەڵەیە و تاکە چارەسەرێک بۆ ئاوێتەبوونیان لەگەلأ لۆژیکی سەردەمدا پشتگوێخستنی کۆنەپەرستییە و (توندوتیژی) نەمەبەستیان بێت نەئامانج.